# پەندی ئازارەکان

## کۆمەڵە چیرۆک



نووسەر: سلیڤان وەهمی

# کۆمەڵە چیرۆکی

# پەندی ئازارەکان

نووسینی:سلیڤان وەهمی رفعت

پێداچوونەوە:سلیڤان وەهمی ڕفعت

بەرگ:ئارمان هاواری

# پێشەکی

خوێندنەوە، یەکێکە لە هۆکارەکانی کەم کردنەوەی نارەحەتیەکان، ئەتوانێت وات لێبکات بە داهاتووت گەشبین بیت، وەلێ لە هەندێک چیرۆکیشدا، تراژیدیایەکی وەها هەیە، کە وات لێ دەکات خۆت لە شوێنی کارئەکتەرەکان دابنێیت و هەست بە ئازارەکانیان بکەیت.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لەبەر دەستی ئێوەی خوێنەر دایە، چیرۆکی تەمەنێکە، کە تووڕەبووم لە دەست ئازار کێشانی مرۆڤەکان بەهۆی کولتووری باوی کۆمەڵگە. بەهۆی هەست نەکردنی تاک بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر ئەرکەکانیان و زۆر هۆکاری دیکە، لای من وابوو نووسین و دەربڕینی مەبەستەکانمان لە چیرۆک و شیعر وەهەرنوسراوێکی دیکەدا، باشترین ڕێگەیە بۆ گەیاندنی پەیامە جۆراوجۆرەکانمان. بۆیە ئومێد ئەکەم، ئەوەی لە دڵی منەوە هەڵقوڵاوە بگات بە دڵی ئێوە.

# ١

## بەیبوون

تەمەنم ٦ ساڵبوو، لە یەکێک لە کۆڵانە کۆنەکانی شار نیشتەجێبوین. پڕبوو لەمنداڵ لەناو ئەو هەموو منداڵە کچێک هەبوو لە ڕادە بەدەر جوان بوو، ئەو ٨ ساڵ بوو و قژێکی ڕەش و ڕووخسارێکی ئەسمەر، دوو چاوی قاوەیی گەورە، کێش و باڵای لەگەڵ تەمەنیدا گونجاو بوو. هەرجارێک بچومایەتە دەرەوە ئەوی لێ بوایە یاریم لەگەڵ منداڵەکان نەدەکرد، لەلای دایکم دا دەنیشتم و سەیری ڕوخسارە بێگەردەکەی بەیبونم دەکرد، هەموو جارێک بەدایکم دەوت (دایکە بۆ وەک ئەو جوان نیم ؟ سەیرکە بەو بچوکییە سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هەمووان خۆشیاندەوێ)، خودای میهرەبان تەواوی جوانیەکانی دونیای لەودا کۆکردبووەوە، لەو کۆڵانەدا تەنها گرنگی بە دوو منداڵ دەدرا یەکەمیان نازلی بوو کە کچێکی زەنگین بوو، دووەمیان بەیبوون بوو کە جوانیەکەی وەسف نە دەکرا.

ڕۆژان هات و ڕۆیشت بەیبونی جوان گەورە دەبوو، گەیشتە پۆلی شەش جوانتر بووبوو کچێکی بێدەنگ، زیرەک و هەست ناسک، من و ئەو لە یەک قوتابخانە بووین هەرجارێک کەسێک ئازاری دابام ئەو وەک پاڵەوانێک دەهات و یارمەتی دەدام و ژێری دەکردمەوە. من ناوم لێ نابوو (پاڵەوانەکەم) هەموو جارێک ئاگادارم بوو دەیوت دایکت ئامانەتی منی کردووی تۆش هەرچیت ویست دوای وانەکان وەرە لای من،

منیش بەو دەنگە کزو ناسکەوە پێم دەوت باشە دادە پاڵەوانە میهرەبانەکەم، کە وام پێ دەوت بە قاقا پێ دەکەنی و ماچی ڕومەتی دەکردم و دەیبردمە پۆلەکەم. هەموو جارێک جانتاکەشی بۆ هەڵ دەگرتم دەیوت تۆ بچوکی ناتوانی ئەو کتیبانە بە شانەکانت هەڵگری.

ڕۆژی چوارشەممە بوو و بەرەو کۆتایی کاتی خوێندن دەچوین، قوتابیان ناڕەحەتبوون بەوەی هێندەیان نەماوە لەگەڵ هاورێ نزیکەکانیان جوودابنەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ پێکەوە لە گۆڕەپانی قوتابخانە یاری دووگۆڵی و پەت پەتێن ناکەن، بۆ ماوەیەکی درێژ مامۆستا کۆیان ناکاتەوە سرودی ئەی ڕەقیب و گۆرانی هەمەجۆری منداڵانە بەیەک دەنگ بچڕن. هەمووان جۆرە بێزاریەکیان پێوە دیاربوو کەش و هەوایەکی گەرم بوو لەپڕ ناڵەیەک هات و هاوارو قیژەی قوتابیان بەرز بووەوە، هەمووان بەپەلە چوینە دەرەوە هەر مامۆستایەک و مۆبایلێکی بەدەسەوەبوو هاواری ئەکرد ( ئەو بۆمبە لەکوێبوو؟ هەموتان باشن؟)، منیش وێڵبووم بەدوای دادە بەیبووندا چیتر نەمتوانی بەرگە بگرم چومە لای سەرپەرشتی پۆلەکەیان بەدەنگێکی لەرزۆکەوە.

ـ مامۆستا، مامۆستا دادە بەیبوونم کوانێ پۆلی شەشە ئەو دیارنیە؟

- بەیبوون؟ بەڕاست بەیبوون لەکوێیە؟ تۆ لێرەبە دەیدۆزمەوە.

منیش بەهێمنی و تنۆک تنۆک فرمێسکم دەڕشت دەمویست ئەو ئاگادارم بێ. زۆر دەترسام نینۆکە بچوکەکانی خۆمم بە ددانە وردەکانم دەقرتاند لەترسا، لەپڕ هاواری مامۆستا نەسرین بەرز بووەوە،

ـ بەڕێوبەر بەیبوون باشنییە، هەموو ڕوخساری خوێنە. شوشەی پەنجەرەکە کەوتووە بەسەریا پێویستە بیبەینە نەخۆشخانە.

بەیبونی جوان چ ڕۆژانێکی ناخۆشی بەسەربرد، دادەم جوانیەکەی لەدەستدا و ڕوخسارە پاکەکەی ئێستا شوێنی تەقەڵی پێوەیە و جوانیەکەی نەهێشتووە، ئیتر کەس گرنگی بەو نادات لە دانیشتوانی گەڕەک، ئاخر ئەو جوان نەمابوو و دەوڵەمەندیش نەبوو، کەس گرنگی بەو ناخە جوان و میهرەبانەی نەدا، گرنگی بەو هەستە ناسکەی نەدا، جگە لە خێزانەکەی بۆکەس گرنگ نەمابوو!

کۆتا تاقی کردنەوەمان بوو، لە هۆڵی تاقی کردنەوە دەرچووم دادە میهرەبانەکەم بینی دەگریا، دەستە بچوکەکانم خستە سەر شانی.

-دادە بۆ دەگریەی چی بووە؟ باشنەبووی؟

+ لەیلا من ترسناکم ئێستا، تۆش لەمن دەترسی؟ تۆش منت خۆشناوێ؟ ئەها هەموو قوتابیان هەموو هاوڕێکانم ئێستا لێم دەترسن، هێندە ناشرین بوم کەس گوێم بۆ ناگرێ بۆ کەس گرنگ نیم!

-من ناترسم، تۆ ئێستاش لە هەموو کچەکان جوانتری، ناخت جوانترە ڕوخسارت جوانە.

ئەو زۆر ئازاری دەکێشا ڕەنگە زۆر خەیاڵی جوانی دروست کردبێت، بەڵام وا خەیاڵەکانی بوون بە خۆڵەمێش، لاوازبووبوو بەو هەموو قسانە، ئەوان تێنەئەگەیشتن کە خودا ویستی وابووەو بەسەری هێناوە، لێی دەترسان ئاخر لەچی دەترسن؟ خۆ ئەو هەر ئەو بەیبوونە جوانەیە کە چەن مانگێک پێش ئێستە دەتانناسی، بەهەرحاڵ بەیبوون گەورەبوو چونەدەرەوەی لەبیری خۆی بردبووەوە و مێشکی ئالۆزبووبوو، منیش زۆر هەوڵم دەدا دڵخۆشی بۆ بگەڕێنمەوە، بەڵام منداڵێک دەبێ چی پێ بکرێ؟

ڕۆژی لەدایکبونی کتێبی (دوبارە گوڵ بگرە بیسەلمێنە وشک بونت ئەفسانەیە)م کرد بەدیاری بۆی و ئاگام لێبوو زۆربەی کاتەکانی بە خوێندنەوی کتێبە جیاوازەکان بەڕێ دەکرد، لە قوتابخانەش بەردەوام یەکەمی پۆلەکەیان بوو. پاش ماوەیەک بەیبوون زۆر بەهێز دەر دەکەوت، پێدەکەنی و قسەی دەکرد و بووبوو بە کەسێکی کۆمەڵایەتی و جیاواز، هێندە بەجوانی و بە بەهێزی ڕەفتاری دەکرد چیتر کەس قسەیەکی ناخۆشی نەکرد بە ڕویدا، سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن ژیان خۆشیەکانی ئاراستەی ئەوکرد، بەیبونیش بەرەو لوتکە هەنگاوی دەنا. ئەو گەیشتە زانکۆ بووبە پارێزەر ژیانی زۆر کەسی ڕزگار کرد، بیرکردنەوەی زۆرکەسی گۆڕی ئێستا ئەو بەهێزترین کچی شارە و جوانترین و میهرەبانترین ئافرەتە

هەمووان بڕیاریان دا ناخی ببینن، هەمووان هەستیان بە جوانی ناخی کرد، چاویان کرایەوەو جوانەکانیان بینی. ئێستا لەجیاتی روخسار، قسەکانی و کردارەکانی سەرنجی هەموانی ڕاکێشاوە، ئێستا دادە بەیبوونی پاڵەوان لە گوڵەبەیبوون جوانتر ئەگەشێتەوە.

چ میهرەبانییەکە خودایە!، بەهێزی و جوانی و میهرەبانی لەیەک کەسدا کۆبکەیتەوە، دوای ئەو هەموو ناخۆشی و ئازارە دوبارە پێکەنینت کرد بە میوانی و کۆشکی بچوکیت پڕکرد لە خەیاڵی جوان، ژیانیت پڕکرد لە خۆشی و شادی و سەرکەوتن. ژیان جگە لە بەیبوون لە ئێمەشی گەیاند بۆ ئەوەی سەرکەوتووبیت ڕواڵەتێکی جوانت ناوێ، بەڵکو ناخێکی بەهێز و کۆڵنەدەری دەوێت.

٦

## هێمن ئەو پیاوە بە ئەزموونەی ئێستای منی درووست کرد

لە خوارووی گەڕەک، خانویەک کە ڕوبەرەکەی ١٩٠م بوو، مەتبەخێکی بچوک و دووژوور دوابەدوای مەدبەخەکە دەهاتن و بەشێوەی خانووە کۆنەکان درووست کرابوو و گۆڕانکاری تێدا نەکرابوو. هەموو ئێوارەیەک پیاوێکی باڵا بەرزی ڕیش و سمێڵ ئەستورم دەبینی، لە مزگەوتەکەوە بە گۆچانێکەوە بە پشتی چەماوەوە هێواش هێواش دەگەڕایەوە ماڵە کپ و بێدەنگەکەی. زۆر لام سەیربوو کە ئەو ماڵە نە کەس هاتووچۆی دەکرد، نە هیچ کەسی تری تێدا دەبینرا، جگە لەو پیاوە پیرە و کوڕێکی گەنج کە دواتر تێگەیشتم ئەو کوڕە لە چێشتخانە کار دەکات و کاتی ژەمە خواردنەکان خواردن دەهێنێت، لەبەرامبەردا مانگانە پارە وەر دەگرێ، بەڵێ بەتاسەوە بووم بزانم ئەو ژیانە چۆنە و ئەو پیرە پیاوە چیرۆکی ئەم تەنیاییەی چیە؟، ڕۆژێک کە لە مزگەوت دەگەڕایەوەو کەش و هەوایەکی زۆر سارد و باراناوی هەبوو شار، دەستی ئەو مامەیەم گرت و برەو ماڵەکەی بردم، هەر بەدەم ڕێگەوە کۆمەڵێ دووعای خێری بۆ کردم و ڕەحمەتی بۆ پەروەردەی دایبابم نارد، کە گەیشتین فەرمووی ژوورەوەی کردم و پێکەوە دانیشتین و کەوتینە گفتوگۆ.

من;مامە بەتەنیا دەژیت دیارە؟

-بەڵێ ڕۆڵە گیان.

-ئەوەی ڕاستی بێ دەمەوێ ئەوە بڵێم.

من بێدەنگ بووم و دەترسام. ئەو ڕووخساری، دەنگ و کەسایەتی سامێکی لە دڵی مرۆڤ دروست دەکرد، برۆ کەوانییە بەرزەکانی و سەیرکردنە بەهێزەکانی هەمووی هۆکار بوون کە هەست بکەم کە توڕە دەبێت و قسەکانی من بەبێڕێزی وەردەگرێت.

-تکا ئەکەم ئەگەر بێڕێزیە بە مەزنی خۆت بمبوورە، بەڵام زۆر دەمێکە ئارەزوومە چیرۆکی تەنیایی تۆ ببیستم.

سەرم نەوی کردبوو وتی: -کێ وتویەتی من تەنیام؟؟ بەڵام ئەگەر تامەزرۆی سبەی بەیانی زوو وەرەو بزانە کە چیرۆکی من چیە.

زۆر دڵخۆشبووم بەوەی ڕێگەی پێدام کە چیرۆکی ژیانی بزانم، لەلام سەیر بوو کە وتی تەنیا نیم! بۆیە بە جۆش و خرۆشیەکی زۆرەوە چاوەڕێی خۆرهەڵاتنم دەکرد و بە جۆرێ نەم دەتوانی بخەوم. هەرکە خۆر هەڵهات و بووبە کاتژمێر ٧:٠٠ خۆم کرد بە ماڵی حاجیدا، ئەویش وا پێ دەچوو چاوەڕێی کردبم، وتم دەتوانی دەسپێبکەی؟ وتی کوڕی چاک هێندە پەلە مەکە.

بەهەرحاڵ دەستی پێکرد و قومێکی لەو چاییە دا کە من ئامادەم کردبوو لە ماڵەکەیدا، وتی؛(من یەکەم منداڵی خێزانەکەم بووم، باوکم پێشمەرگە بوو لەو سەردەمە بە مانگ و بە چەندین حەفتە هەندێک بە ساڵ پێشمەرگەکان خێزانەکانیان نەدەبینی.

بەهۆکاری ئەوەی کە دایک و باوکم درەنگ یەکیان دەبینی، هەرچی سۆز و خۆشەویستی لە دڵی ئافرەتێکی میهرەبانی وەک خاتوو نافیعەی دایکم هەبوو بەخشیبووی بەمن.

تاوەکو بتوانێت نەبوونی باوکیشمم بۆ پڕ بکاتەوە، بەڵێ دوای چەندین ساڵ کە من ١٣ بۆ ١٤ ساڵ دەبووم دایکم دووانەیەکی بوو و دوای دە ڕۆژ هەواڵ هات کە پێشمەرگەکان بڕیارە بۆ سەردانی بگەڕێنەوە بە هەزاران ترس و لەرز چاو لە دەرگا بووین ودایکم چاوەڕێی مێردەکەی و منیش چاوەڕێی ئەو باوکەی کە نەیتوانی بەڕادەی پێویست خۆشەویستیم بداتێ دەکرد. بەڵێ باوکم گەڕایەوە بەڵام تەنها لاشەی بوو بە ڕوحێکی مردوو باوکمیان هێنایەوەماڵەکەمان، من هەر ئەوڕۆژەی کە باوکم مرد گەورەبووم، بەبێویستی خۆم و بەبێ ئەوەی ئامادەبم دەبوو ببم بە پیاوی ماڵ و ببم بە باوک بۆ ئەو منداڵە تازە لە دایکبوانە، باوکم کە زیاتر لە سێ مانگبوو خێزانەکەی نەدیبوو، ئاواتە خوازبوو ئەمجارە خێزانێکی گەورەتر ببینێ بەڵام بەو ئاواتەوە سەری نایەوە و جوانەمەرگ بوو. من دەمزانی کە دایکم زۆر ئەستەم بوو بتوانێ بمان، بۆیە قایلمکرد کە بمانبات بۆ شار و لەوێ من کار بکەم و بتوانم خۆمان بژییەنم، لەگەڵ ئەوەی کە بچووک بووم ناچاربووم هەنگاوی گەورە بوەشێنم.

لەدوای لەدەستدانی باوکم، دایکم زۆر لاواز و ناڕەحەت بوو، ئەو ئافرەتە سەرەڕای ئەوەی کەمترین کاتەکانی ژیانی لەگەڵ

هاوسەرەکەی بوو، بەڵام سۆز و وەفایەکی کەم وێنە لە نێوانیان هەبوو.

ئیتر ئەولاوازبوون و خراپییەی تەندروستی دایکم و ترسی لەدەستدانی، خەوی شەوانی لێ تۆراندبووم. ئاخر ئەو دایک بوو، باوک بوو، ئەو خۆشەویستە بوو کە هەرپیاوێک بۆ بەهێزبوون و زاڵبوون بەسەر نارەحەتیەکان پێویستیەتی، ئەو عیشقە بوو کە ئارامی دەروونی هەر لاوێکی سەردەمی من بوو، جگە لەوەش خەمی خوشک و براکەم کە تەنیا ٥ ساڵ بوون. نەم دەزانی چۆن لەم گێژاوە ڕزگارم بێ و تەندروستیەکی باش بۆ دایکە میهرەبانەکەم بهێنم، بەو ترس و لەرزەوە بەردەوام بووم لە شەلاعی کردنم لە نانەوا خانەیەک کە نزیکی ماڵەکەمان بوو، هەر ئەم ماڵەی تۆ دەیبینی. قومێکی لە چاییە تاڵەکەدا کە ساردیش بووبووەوە و بەردەوام بوو.

ئێوارەیەکی پایز، کە گەرامەوە بەر دەرگامان پڕبوو لە خەڵک، بروسکەیەکی مێشک و دڵ و هەموو لەشی تەزاندنم. بە پەلە بەرەو حەوشەکە چووم، دایکم بینی بەو جەستە سارد و سڕەی، دام لە پرمەی گریان، خودایە چیبکەم ئەم هەموو بەدبەختیە چیە؟ خودایە من چۆن بتوانم بەسەر ئەم ئازارە زاڵبم؟ دایکیشم ڕۆیشت و کچ و کوڕە پێنج ساڵ و نیوەکەی بۆمن بەجێ هێشت. دەیان پرسیار مێشکی تەنیبووم، چۆن پەروەردەیان بکەم؟، ئەوانیش هەموو شەوێک لەگەڵ دایکمدا نەخشەی ئەوەیان دادەنا کە لەم ساڵەدا دەڕۆنە قوتابخانە و دایکم هەموو بەیانییەک دەیانبا و دەیان هێنێتەوە، هەموو

بەیانییەک بە خۆشەویستی و سۆزەوە خەبەریان دەکاتەوەو بەرەو قوتابخانە ڕەوانەیان دەکات. خەیاڵەکانی ئەوانیش بوون بە خۆڵەمێشی بەر با.

من ناچاربووم بەسەر ئەم ئازارەش زاڵبم و بە نەبوونی هاوڕێی ژیانم ڕابێم، بە نەبوونی خۆشەویستی و ئەو سۆزە ڕابێم کە دایکم پێی دەبەخشیم. بە ئێواران شەلاعیم دەکرد و بەیانیان خوشک و براکەم بەرەو قوتابخانە دەبرد، خۆشم لەلای مامۆستایەکی ئەم مزگەوتە بووم بە قوتابی و وانەی ئایینی پێ دەوتم. دەمویست بەنەبوونی دایکم و خۆشەویستیەکەی و نەمانی تاکە عیشقی ژیانم، خۆم بۆ عیشقی خودایی تەرخان بکەم، دەمویست خۆشەویستی خودا هەموو دەروونم داگیربکات و لەم ئازار و نەهامەتییە دەرباز ببم و ئومێدم بۆ بگەڕێتەوە. چەندین ساڵی ژیانم بەو جۆرە بەڕێ کرد و ئەو مانگانەیەی لە نانەوا خانەکە دەستم دەکەوت بەشێکیم پاشەکەوت دەکرد و ئەوبەشەی تر بۆ خوشک و براکەم دادەنا کە لەهیچیان کەم نەبێ. هەمان ئەو سۆزەی دایکم بە منی بەخشی من پێشکەشم کرد بە ئەوان، هەموو خەم و ئازاری من بە پێکەنینی ئەوان دەڕەوییەوە.

ئاهێکی هەڵکێشا و وتی: من ژیانم بەم شێوازە بەڕێکرد تاوەکو خوشک و براکەم پێگەیاند، خستمنە ماڵ و حاڵی خۆیان. هەموو شەوەکانم بە دیار چرایەکەوە بەڕێ دەکرد لەگەڵ ئەو نوسینانەی کە مامۆستا پێشکەشی دەکردم تاوەکو زانیاری زیاترم هەبێت، زیاتر بەرەو ئەو خۆشەویستیە

هەنگاو بنێم. بەڵێ من ئومێدم بۆ گەڕایەوە هێز و توانام بۆ گەڕایەوە خوشک و براکەم دڵخۆش بوون و کەسێکی شیاویان بۆ ژیانیان دۆزیەوە کە بەختەوەربن لەگەڵیان.

وەستاکەشم چووە بەر ڕەحمەتی خودا و وەفاتی کرد، دوکانەکەیان فرۆشت. منیش بەو پاشەکەوتەی کە چەندین ساڵە کەڵەکەم کردبوو توانیم دوکانێک دابمەزرێنم و بیدەم بەکرێ و کرێکەی بۆ ئەم ڕۆژانەم سەرف بکەم. بەڵێ ئەزیزەکەم وامەزانە ئەم ژیانە هەروا بەئاسانی تێپەڕی کە باسم کرد، نا، بیر بکەوە کوڕێکی ٢٠ بۆ ٢٢ساڵ هەم ببێ بە دایک و هەم ببێ بە باوک، هەم کرێکاربێ و هەم خاوەنی دوو منداڵی بچووک بێت، هاوین و زستان بەدیار تەنورێکی گەرمی قوڕ بەسەر ببا. ئەزانم کە ئەپرسی بۆ ژیانێکم بۆخۆم دروست نەکرد، من کاتی ئەوەم نەبوو بۆ دروست کردنی خێزانێکی نوێ. من ڕۆڵی باوکم پێدرابوو لە شانۆی ژیاندا واتا تامی باوکایەتیم چەشتبوو، ئاشقی ئافرەتێک بوم کە دایکم بوو و تامی جێهێشتنم چەشتبوو، دەترسام کە خێزانێکی تر پێک بێنم خوشک و براکەم فەرامۆش کەم، بۆیە بڕیارم دا کە بۆ ئەوان تەمەنم دانێم.

ئێستا ئەوان لەو وڵاتانەی دەرەوەن و لەوێ ژیان دەکەن، ئەمە ژیانی ئەم پیرە پیاوەبوو کە تامەزرۆی بووی، ژیانی من زۆر ساردتربوو لەو چایەی کە لەبەر دەستتایە، و زۆر تاڵتر بوو لەو چایەی لەبەر دەستی مندایە، بەڵام بەردەوام بووم و هەتا

ئێستەش دەژیم. من تەمەنی گەنجیم لەدەستدا، خێزانێکی جوانم

لەدەستدا، دایکم و باوکمم لەدەستدا، بەڵام خودام هەیە کە هەرگیز لەدەستی نادەم و خۆشەویستیم بۆ ئەو بەردەوام هێزی پێ دەبەخشیم، من لەخودا نەترساوم بەڵکو خۆشم دەویست. ترس هێز لەئینسان وەردەگرێ بەڵام خۆشەویستی هێز دەبەخشێ، توانا دەگەڕێنێتەوە بۆ گیانی مرۆڤ.

بۆیە من تەنیا نەبووم خودا هەرگیز بەندەکانی تەنیا ناکات دڵنیابە. بەم شێوەیە کۆتایی بەقسەکانی هێنا و منیش لەماڵەکەی هاتمە دەر، هەزارجار سەرزەنشتی خۆم کرد کە بەردەرگای ماڵی خودام نەدیووە، نەمتوانیووە بەڕادەی پێویست سۆز و خۆشەویستی ببەخشم بە خێزانەکەم لەکاتێکدا کە دایکم، باوکم، خوشک و براکانم تەندروستن. لەکاتێکدا توانای هەموو شتێکم هەیە بەڵام نەمتوانیووە بەدڵ بەرەو خۆشەویستی خودا بڕۆم، من فێربووم جگە لە ئەشقی کچێکی باڵا بەرزی لەشجوان و رووخسار مانگ ئاسا، جگە لە خۆشەویستی بۆ نیگای کچێک ئەشق و خۆشەویستی خودا هەیە. وەک ئەو ئەشقەی ئومێدی بۆ مامە هێمن هێنا، ئەشقی دایک هەیە وەک ئەو ئەشقەی مامە هێمنی پەروەردە کرد، ئەشقی نیشتیمان بوونی هەیە ئەوەی کە هێمنی بێ باوک کرد. بەڵام ئێستا هەموان دوو دڵن لە بوونی ئەو خۆشەویستیانە، و هەموو خۆشەویستیەکیان بە ڕەگەزی بەرامبەر بەستووەتەوە، هەموو جوانیەکی ژیان هەموو ئومێدێک، بەڵکو هەموو بوونیان بەستووەتەوە بە

ڕەگەزی بەرامبەرەوە. بە وشەیەک، بە نیگایەک لاواز دەبن و دەکەونە تەڵەکەوە و بۆ هەمیشە گیر دەخۆن و بەدبەخت و قوربەسەر دەبن، هەنگاو دەنێن بۆڕێگەیەک هەرگیز دڵنیانین کۆتاییەکەی بەختەوەریە. ئەو کەسایەتییە بەهێزەی و ئەو ژیانە پڕ دەردەسەریەی هێمن ئاغا، بۆ ساتێک ناتوانم وێنای ئەو نارەحەتیانەبکەم کە چەشتویەتی و فرمێسک لە چاوانم قەتیس دەبێ. دانە بەدانەی وشەکانی ئازارەکانی بۆ هەمیشە فێرگەیەک بوون بۆ ژیانم، ڕەنگە ڕۆژێک ڕوداوێک، چیرۆکێک، ڕەنگە تەنها وشەیەک، وێنەیەک ڕێڕەوی ژیانمان و ئامانجەکانمان بگۆڕێت..

## ئاوا بوونی خۆری ئەو کچەی هێشتا هەڵنەهاتبوو

ئێوارەیەکی هاوین، بەرەو بازاڕی گەورەی شار بەڕێ کەوتم، قەرەباڵەغیەکی زۆربوو، منداڵ، گەورە و پیر هەمووی تێکەڵی یەک بووبوون. ناو بەناو چەن کەسێکت ئەبینی خەریکی هەواڵ پرسیبوون و لە حاڵی یەکتریان ئەپرسی، هەندێکجاریش کۆمەڵە کەسێکت بەرچاو ئەکەوت، ڕەنگ زەرد و بێزار بەرادەیەک مرۆڤ هەستی ئەکرد کە هەموو خەمی دونیا لەسەر ئەوان کۆبووەتەوە، بیرم لە ژیانی هەموو تاکێکی ئەو بازاڕە ئەکردەوە و لەڕووخساریانم ئەڕوانی.

لەپڕ شانێک بەر شانم کەوت، کچێک بوو کەوتە پێشم قژە درێژو ڕەشە بەڕەونەقەکەی سەرنجی ڕاکێشام، ئاوڕی دایەوە ڕووخسارێکی لاواز و زەرد، هێندە گریابوو لەسەر ڕوومەتە سپیە بەرزەکانی جۆگەی بەستبوو، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون و هەنگاوەکانی خێرا خێرا ئەکردەوە، خۆی کرد بە یەکێک لە کۆلانە تەسک و تاریکەکانی بازارەکەیا، منیش لە سوچێکی کۆڵانەکەوە لەوم ئەڕوانی. هێندە بە کوڵ ئەگریا جریوەی لە چۆلەکەکان بڕیبوو، لەگەڵ هەر دڵۆپە فرمێسکێک دونیایەک خۆزگەی بەدی نەهاتوو، خەم و ئازاری ئەڕشت، کچی بەدبەخت ئەبێ چیت بەسەر هاتبێ؟

چوومە پێش و وتم - سڵاو خانم

ڕاچڵەکی و بەترسەوە سەیری کردم و وتی:

-تۆ؟ تۆ کێی؟ کێ تۆی ناردووه؟ بۆ لێرەی؟ چیت ئەوێ؟ توخوا لێمگەڕێن.

هشش، لەسەرخۆ، من ناتناسم، تەنیا هەستم بەو ئازارەی ناخت کرد، بۆیە ویستم لەگەڵتبم، ئێستا ماڵتان لەکوێیە با بتبەمەوە؟

-نا نا توخوا مەمبەنەوە، ئەوێ دۆزەخە، نەفرەت لەوێ!

-باشە تەواو، ئەتبەمە ماڵی خۆمان ئازارت پێ گەیشتووە، برینەکانت پێویستیان بە پاک کردنەوە و تیمارکردنە!

بە چپە چپێک وتی: ئەی کێ برینی دڵم تیمارەکات؟

چووینە ماڵەوە و خۆی شۆرد و دانیشت نانی خوارد و وتی من پێویستە بمرم!

-مردن! تۆ شێتی! چۆن ئازاری ئەو جەستەیە ئەدەی کە ئامانەتە لەلات؟

-خانم سوپاس بۆ ماندووبوون و میهری بێ سنوورت، بەڵام لێم گەڕێ، من ئەبی لە نێوان مردن و هاوسەرگیری پیرە پیاوێک یەکێکیان هەڵبژێرم

-پیرەپیاوێک؟ کچێکی جوانی وەک تۆ، کە خەونی هەموو لاوەکانی شارە بۆ پیرەپیاوێک هەڵئەبژێرێ؟

وتی، لاوەکانی شار گورگن لەپێستی مەڕ، تەنها لەبەر ئەوەی لە یەکێک لە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان کوڕێکم ناسی و بە هەموو وجودم خۆشمویست، ئێستا ناچار کراوم ژیان لەگەڵ

سەرخۆشێکی بێباک بەسەر ببەم! خۆشەویستی تاوانە؟ پیاو کوشتنە؟ دزی کردنە؟ نا، گەورەترین تاوان ئەوەیە خیانەت لەو خۆشەویستییەدا هەبێ، ئەوەیە ئەو خۆشەویستییە بە هەڕەشە کردن کۆتایی بێ! لام وابوو ژیان بەخۆشەویستییەوە ڕازاوەتر ئەبێ، بەڵام هەڵەیەکی گەورەم کرد.

کەمێک بێدەنگ بوو و دەستی بە چاوەکانیەوە گرت، لەگەڵ هەنسکەکانی پێموابوو پاش کەمێکی تر هەناسەی لەبەر نامێنی، بەڵام بیدەنگ بووم تاوەکوو ئاسودە ببێ.
فێرمێسکەکانی سڕی و وتی خانم ئەزانی کاتێ لێم بێزاربوو داوای شتی قێزەونی ئەکرد! مرۆڤ شەرم ئەکا باسی بکات، قەت ئەو ئازارەت چەشتووە؟ من بەوەی ویستی ڕازی نەبووم، خێزانەکەمی لەهەموو شتێک ئاگادار کردەوە، ئەوانیش ناچاریان کردم بەرامبەر بە بڕێک پارە بمفرۆشن. نازەنین سەیرێکی روخساری کردم، هەستی بەوە کرد کە باوەڕ ناکەم لەم سەردەمەدا ئەو دابوو نەریتە کۆنە بوونی مابێ.

وتی: خانمی فریادڕەس، ئەزانم باوەڕ بەوانە ناکەی بەڵام لە گونددا زۆر دابونەریتی کۆن ماون کچەکانمان بەدەستیانەوە ئەناڵێنن، بەهەرحاڵ لەبەر ئەو کردەوەیەم منیان فرۆشت بە دەوڵەمەندێکی پیری سەرخۆش، مافی ئەوەیان پێنەدام قسە بکەم، هەموو ڕۆژێکی ژیانم هەزار جار ئەمردم و نەشم ئەتوانی گلەیی بکەم، یاخود بگەڕێمەوە ماڵی باوکم، پیشەی هەموو رۆژێکم گریان بوو، هەموو رۆژێک لە بری پێکەنین و خۆشی، لێدان بەشم بوو..

ڕۆژێک زۆر خراپ ئازاری دام، وەک دڕندەیەکی برسی پەلاماری دام، کەس نەهات بەهانامەوە. ئیتر حەوسەڵەی بەرگە گرتنم نەما، نەمتوانی چیتر لەگەڵ ئەو ئەشکەنجە و ئازارانە هەڵبکەم. بە غەمباری و ئازارێکی زۆرەوە بەرەو ماڵی باوکم بەڕێ کەوتم، تەنیا دایکم لەماڵبوو و زۆری لەخۆی دا و پێکەوە زۆر گریاین، کە باوکم و براکانم هاتنە ژورەوە بەتوڕەییەوە تەلەفۆنیان بۆ مێردەکەم کردوو وتیان وەرە بەدوایا منیش لەترسا هەڵهاتم و بەدوامدا ئەگەڕێن. من ناتوانم چیتر لەو ماڵە بژیم، نە باوانێکم هەیە و نەکەسێک پشتی پێ ببەستم، مرۆڤ کاتێک زیندوو مانەوەی پێ خۆشە کە ئازیزێکی هەبێت لە خەمیدا بێت.

لەقسەکانیا هەموو ئازارو تاڵیەکانی ژیانیت بەدی ئەکرد، چەن گەورەی خودایە! لەگەڵ ئەو هەموو ئەشکەنجەیە هێشتا ڕوحیت بە زیندویی هێشتوەتەوە، ئەو زۆر ماندووبوو ڕوحی ماندووتر لەجەستەی، خەوی لێکەوت فریشتە ئاسابوو، کچێکی پاک، ساویلکەیی ئەو، تاکە تاوانی بوو کە وایان بەسەر هێنا.

ڕۆژبووەوە، چاوەکانم کردەوە نازەنین لەجێی خۆی نەبوو، نامەیەکی بەجێ هیشتبوو،

سڵاو خانمی فریادڕەس، ببورە کە بێئەوەی ئاگاداربی ) ماڵەکەتم بەجێ هێشت، دوای ماوەیەکی زۆر، یەکەم جاربوو هێندە بەئارامی بنووم. سوپاست ئەکەم بۆ هەموو شتێک .

خوات لەگەڵ (نازەنین)

خێرا چوومە دەرەوە، بەڵام هیچ کەسی لێ نەبوو، گەڕامەوەو خواردنی بەیانیم خوارد و دوعای سەلامەتیم بۆکرد. چەندین ڕۆژ تێپەڕی، ئێوارەیەک شنە بایەکی کز پەردەی ژورەکەمی ئەجولاندەوە، ئاوازی چۆلەکاکان غەمگین ئەهات بەگوێمدا، گوڵەکان وەک ئێوارەکانی تر بۆنیان بەناو ژورەکەمدا بڵاو بووبووەوە، کە مۆبایلەکەم داگیرساند و بەناو پەڕەکانی فەیسبوکدا بەدوای هەواڵە نوێکاندا ئەگەڕام، بەئازارترین هەواڵم بینی، کە منداڵ و گەورەی ڕائەچڵەکاند.

(کچێکی گەنجی نزیک تەمەن ٢٦ ساڵ، بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لە یەکێک لە باڵەخانە تەواو نەکراوەکانی شار، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا).

ئەی خوایە لەو هەواڵە! لەڕاستیدا نازەنین تەنها ٢٠ ساڵی تەمەنی بوو، بەڵام ئازارەکانی پیریان کردبوو، من لەو ساتەوە یادگاری نازەنین لە هزرمدا کچی پایزە، چونکە بە مردنی نازەنین و هەڵوەرینی گەڵای تەمەنی پایز زووتر ڕەنگی خۆی پیشان داین، پەتی تەمەنی ئەو پچڕا و لە تەمەنێکی بچووکدا ماڵئاوایی لەم ژیانە قیزەونە پڕ لە دەردە سەریە کرد. ئەو بووە قوربانی خۆشەویستی لاوێکی گورگ ئاسا و خێزانێکی کالفام و نەریتیکی خراپ. نازەنین یەکەم کچ نیە بەو هۆیە ژیانی وێران بووبێ هەزارانی تر بوونە قوربانی، ئەی گەنجانی وەلاتەکەم کەی کۆڵ ئەدەن؟، کەی فامەکەن و ژیانێکی خۆش بە کەچەکانمان ئەبەخشن؟، چیتر

١٩

بەسە، با کچان و ژنانمان نەمرن، تەواوی جوانی دونیا لەچاوی ئەواندا کۆبوەتەوە، ئەو ڕووناکییەی لە چاوانیاندایە خامۆشی مەکەن، باکەس نەبێ بەقوربانی، ئیتر پێویستمان بەوەیە بژین.

## ٢٠

# گەڕانەوەی ئومێدێک بە مرۆڤایاتی

هەمیشە، لە زانکۆ تێبینی کەسانی ترم دەکرد، دەمویست بزانم چۆن لە کاتی بارودۆخە جیاوازەکان رەفتار دەکەن. لە کاتی پرسیار و قسەکانی مامۆستادا چۆن بیردەکەنەوە؟ ئایا گەشبینن یان ڕەشبین؟ هیوایان بە ژیان ماوە یان تەنها دەژین؟ و چەندین پرسیاری تر کە بەدوای وڵامەکانی بووم.

لە سەرەتای ساڵدا شیرینم بینی، سڵاوم لێکرد وڵامێکی ساردم وەرگرت، وەک ئەوەی بایەخێکی نەبێ کە چەند مانگە نەی بینیوم، بەڵام گرنگیم پێ نەدا. وتم ڕەنگە ماندوو بێت یاخود ڕووداوێک ڕووی دابێت، شیرین بە بەردەوامی خەمبار و ڕەنگ زەرد و لاواز بوو، هەمیشە دەمویست قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام دواتر دەم وت چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەی دەستوەردەیتە ژیانی کەسانی تر؟ گەر پێویستی بە هاوکاری بێت خۆی داوای دەکات، ئەوکات بە خۆشحاڵی یارمەتی بدە، ڕۆژان هات و چوو هەموو ڕۆژێک چوونە زانکۆ و بابەتی دووبارە تەنها وانەکان و وەرگرتنی زانیاری نوێ جیاوازی دروست کردبوو. بەڵام بینینی شیرین لەو بارودۆخە هەمیشە نارەحەتی دەکردم، لە هەموو وڵامەکانی بۆ پرسیاری مامۆستاکان، تاریکی ، ڕەشبینی و بێ ئومێدی بەدی دەکرا، ئەو هیچ هاورێیەتییەکی لەگەڵ دروست نە دەکردین. لەگەڵ ئەوەی من دەمویست لێی نزیک بم، هەمیشە ئەو دەکشایەوە دوواوە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی من ئەو هەرگیز هەنگاوێکی بۆ نەنام، بەڵام ڕۆژێک بینیم پەیوەندیەکی لەگەڵ بوو و دەگریا و دەگریا،

چاوەڕێم کرد تاوەکو پەیوەندییەکەی تەواو کرد، مۆبایلەکەی داخست و دەستی بە چاوەکانیەوە گرت و هەنسکی دەدا، بە هێمنی چومە تەنیشتی و دەستم لەسەر شانەکانی دانا، سەیری کردم وەک ئەوەی بیەوێت بڕۆم.

-ششش، هیچ ناپرسم و هیچ مەڵێ، تەنها بگری، با ئاسودەبیت، بگری با ئاگری ناخت کپ ببێتەوە، بگری با دڵت لەو هەموو نەفرەتە پاک بێتەوە.

سەری لەسەر شانەکانم دانا، وەک ئەوەی هەستی بە پارێزراوی کردبێ، هێندە گریا، هەستم بە ئازارەکانی دەکرد لە هەر هەنسکێکی، لە هەر یەکێک لەو دڵۆپە فرمێسکە گەرمانەی دەکەوتە سەر شانەکانم.

وتی- من ئەبێ چیبکەم پەری؟ چۆن لەم هەموو بێ ئومێدییە دەرباز ببم؟ چۆن جارێکی تر باوەڕ بە مرۆڤەکان بکەمەوە؟ ئەو تاوانێکی نەبوو، من شکاندم ویستی دلخۆشم بکات بە قسەی خۆی! بەڵام من ناتوانم چیدی متمانە ناکەم، لەتۆش دەترسم! لە هەمووتان دەترسم.

شیرین گیان ئەوە ژیانی تۆیە من ناتوانم قسە بکەم، بەڵام بۆ تۆ جەرگم دەسوتێ، چیت بەسەر هات؟ هەموو گەشی و ڕوو خۆشی ساڵی ڕابردووت بۆ کوێ چوو؟ ئەو هەموو وشانەی دونیایەکی پڕ ئومێد بوون، ئەم هەموو بێ ئومێدییە لەپای چی؟

پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزی کرد، وتی پەری گیان هیوادارم هیچ کاتێک نەکەویتە بار و دۆخێک کە  هیوات بە مرۆڤایەتی لەدەست بدەیت، نەکەویتە گومانەوە بەرامبەر ژیان، گومان تاڵاوت پێ دەچێژێ ئەزیزم.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی و لەو بێدەنگیەی شیرین ئازارم دەکێشا، بەڵام کارێکم لەدەست نەدەهات جگە لەوەی لەلای بم، منیش بێدەنگ دانیشتبووم  لەپڕ کەوتە باسکردنی:

-کۆتایی زانکۆ بوو بڕیار بوو هاوسەرگیری بکەم، هەمووان ڕازیبوون، هاوسەرگیریەک دوور لە یەکتر ناسین، بڕیاری من لەسەر قسەی باوکم بوو،  پێی وابوو کوڕێکی چاک و خێزانێکی چاکن، بەداخم زمانم لاڵ بوو نەم توانی بڵێم ئاخر من کەسێک نەیناسم بە چ تایبەتمەندییەکی ڕازی ببم؟

هەموو کارەکانیان لەماوەی مانگێک تەواو کرد و خێرا گواسترامەوە، کە هێشتا بەتەواوی ئەندامانی خێزانەکەیم نەبینیبوو، هەموو کارەکان زۆر سەیر تەواو بوون، من دەمزانی بارودۆخی ماددی باوکم خراپ بوو، دەمزانی جار جار قەرزی دەکرد لەبەر ئەوەی ئێمە برسی نەبین، بەڵام هەرگیز نەم دەزانی لەبەرامبەر مندا پارە وەردەگرێ، بۆ خاتری خوشک و براکانم من قوربانی بووم. شووم کرد و هیچ مرۆڤێکم نەبینی، خێزانێک بەناو خێزان، پەرتەوازە و بێ سەروبەر، لەماوەی مانگێک منێکی بێگانە شارەزای هەموویان بووم، دەمزانی کە چ تاوانێک لەو ماڵەدا ڕوو دەدات! لەلایەک لەناو خەڵکدا بە دەم یاخودا یاخودا خۆڵیان دەکردە چاوان، لە ماڵەوەش هەڵدانی پێک و جنێو

و لێدانی ئافرەت، خودا زۆری ڕەحم باراندبوو بەسەریاندا، ئەوان لە بەخشینەکانی نەگەیشتبوون، تەنها دوو مانگ توانیم بەرگە بگرم، ئێمە خێزانێکی جوان پەروەردە کراو بووین نان و ئاوێکمان دەخوارد و هەزار جار سوپاسگوزاریمان دەکرد کە لەماڵی خۆمان تەندروست بووین. زۆر قورس بوو بۆم بەرگەی ئەو هەموو ناسزاییەی ئەوان بگرم و لە هەمووی زیاتر لێدانەکانی هاوسەرەکەم بوو، سەرخۆش دەبوو، ئیدی نەیدەزانی ئافرەتێکی ١٨- ١٩ ساڵان لەبەر پێیەکانیدایە، نازانم ڕەنگە ئەویش تۆڵەی ئازارەکانی خۆی لەمن بکاتەوە بەڵام بۆ من؟ مرۆڤ لە دوو حاڵەت خەمی بەسەر دا دەبارێ، یان تاقی کردنەوەی خودایە کە ئەبێت هەمیشە سوپاسگوزاری بەسەرکردنەوەکانی بین و چاوەڕێی قەرەبووی ئازارەکانمانی لێ بکەین، یان ئەنجامی هەڵە و ناشوکریەکانمان کە نرخی ئەو هەموو ڕێز و نیعمەتە نازانین پێمان بەخشراوە.

ئەوان دەیانزانی بۆ خێزانێکی شکست خواردوون، بەڵام هەرگیز نەدەگەڕانەوە لای خودا. من بڕیارم دا بگەڕێمەوە ماڵی باوکم و بە هەر ڕێگەیەک بێ دەستم لەدەستی ئەو کوڕە و ئەو ماڵە بەربوو، بەڵام چی کە ئەوان ئێستا مەزڵوم و من زاڵمەکەم لەچاوی خەڵک، ئەوان دەتوانن بە شانۆیەک ڕاستی خۆیان بشارنەوە بەڵام من کە لەبەر ئاینەکەم دەبێ عەیبی خەڵک داپۆشم! ئیدی جیابوونەوەکەم شوکری ئەوێ. بەڵام ئەو قسانەی کە دەکرێ، ئەو نازناوەی بە منەوە لکاوە (تەڵاق دراو) ئاهـ کۆڵێک خەمە. هەمیشە خۆم تاوانبار دەکەم و باوکم، خێزانەکەم و ئەو خێزانە و خەلکانی تر، هێندە گوێم پڕ بووە لە درۆ بڕوام

بە قسەی ڕاستی هیچ کەس نیە. ئارەزوو دەکەم لە شوێنێک بم کەس لە زمانم تێنەگات و لە زمانی کەسیان تێ نەگەم، بۆئەوەی گوێبیستی هیچ درۆیەک نەبم. ئێستاش ئەم کوڕە چەندین جارە داوای من لە باوکم دەکات، بە قسە خێزانێکی دیندارن، لەخوا ترسن و هەموو خەلک سوێند بەسەریان دەخوات. کەسانی جێی متمانەن، باوکم پێی خۆشە دووبارە بچمەوە بە دوای قسمەتی خۆمدا بەڵام نامەوێ هەڵەی ڕابردوو بکەمەوە، ئەترسم، من خۆم لەکەیەکم پێوەیە، ناتوانم چیتر بەرگە بگرم. بەڵام لەبەر ئازارەکانی خۆم زۆر ئەم کەسەم شکاندەوە، دەزانم ڕەنگە ئەویش شایەنی ئەو قسانەم نەبووبێ، چیبکەم بەدەست خۆم نییە، حەوسەڵەم نەماوە.

+شیرین گیان فرمێسکەکانت بسڕەوە، ئەوەی دەڵێی لەکە مافی خۆت بووە ئاسودەیی هەڵبژێری، تۆ تاوانێکت نەکردووە، بەڵکوو لە تاوان دوور کەوتویتەوە. ناکرێ کاتێک کەسێکی هەڵە دێتە ژیانتەوە بڕیار لەسەر هەمووان بدەیت کە وابن، رەنگە کاتێک کەسێکی هەڵە دەناسی پەیامێک بێت بۆ ئەوەی چاو کراوەتربیت، بۆئەوەی بتوانی لە داهاتوو باشترین هەڵبژێری، یاخود تاقیکردنەوەی خودا بێت کە ئارامی و بەرگەگرتنی تۆ تاقی دەکاتەوە، شوکرانەی لێت بوێ. من دەزانم ئازارەکانت کەم نین، دەزانم قسەی نەزان و نەفام بەئازارە! بەڵام تۆ خێزانێکی یەکگرتوو و خودایەکی بێگەرد و بەدیهێنەرت هەیە، لێرە کۆمەڵێک هاورێت هەیە کە یەک بەیەکمان خەمی تۆمانە بەدڵ دەمانەوێ ئاسودەییت ببینین، مادەم ئەو کوڕە هێندە پێداگرە

لەوەی تۆی ئەوێت و هەر کەسێک لە خێزانێکی دیندار و لە خودا ترس پەروەردە کرابێ و ترسی خودای لەدڵدا بێ، تۆ لێی مەترسە. هەوڵدە بیناسە بزانە چی دەوێت و چۆن ژیانێکی دەوێت، دەرفەتێکی تر بەخۆت بدە، بۆخاتری خۆت، هیچ کەس نا! تەنها لەبەر خۆت ژیانت رێک بخەرەوە، تۆ شایەنی ئەوەی بگەشێیەتەوە.

شیرین گیان ژیان مرۆڤی خراپی زۆر تێدایە، بەڵام مانای ئەوە نیە هەمووان خراپ بن، راستە کەسانی خراپ هەن بەڵام ژیان لەگەڵ کۆمەڵدا چێژ بەخشە، مرۆڤ ناتوانێت بەتەنها بەختەوەر بژیت. ئێمە لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا گەورە دەبین، ناتوانین خۆمانی لێ دابڕێنین. بگەڕێوە شیرینی و کۆمەڵایەتیەکەی جاران، وەک مانگ بگەشێرەوە، رەنگە خودا ئەوکەسەی بۆ ناردبیت بۆ قەرەبووی ئازارەکانت. چەند رۆژێک بیر لەخۆت بکەرەوە، بیر بکەوە چ تاوانێکت بەرامبەر خۆت کردووە کە چەندین مانگە لەم بارودۆخەی، بیربکەوە چ ڕێگەیەک هەڵبژێری ئەزیزم، ڕێگاکانی بەختەوەربوون لە ژیان زۆرن، هەمویان بگرە بەر، ئازار هەڵمەبژێرە.

چەند ڕۆژێک ون بووبوو و لەراستیدا خەمم بوو، بەڵام بێدەنگ بووم دوای دوو هەفتە، هەرچەن وانەکانی لەدەست چووبوو بەڵام بە ڕەنگێکی تر گەڕایەوە. هێندە ناسک و شیرین بوو وەک ناوەکەی، هێندە جوان و درەوشاوەبوو چاوەکانی وەک ئەستێرەی ئاسمانی ساماڵ بوون، لە دوورەوە سەرنجیدام خێرا هاتە بەردەمم و باوەشی لێدام، وتی: ئێستا دەزانم شادی چ

گۆڕانکاریەک دروست دەکات. من دەرفەتم بەخۆم دا، دەرفتم بە ئەو دا، بە هەمووان و بەژیانیش، رەنگە دوای چەندین مانگ چەند رۆژێکە هەست بە چێژی ژیان دەکەم، دەزانم ژیان شایەنی هەلی دووەمە و پێویستە بۆی ماندووببم، ئەو کەسەش هەموو هەوڵێک دەدا جێی متمانەم بێت. لە ماوەی یەک هەفتەدا چەندین شتی کردوو، تەنها تاوەکو بتوانم متمانەی پێبکەم، سوپاس گوزاری خودام، دواتر سوپاس گوزاری تۆم کە بووی بە هۆکارێک ڕێگای ژیان بگرمەوە.

(ژیان تەنها بریتی نیە لە ئازار یان خۆشی، حیکمەت ئەوەیە لە ئازارەکان سەبر کەین و لە خۆشیەکاندا سوپاس گوزاربین و خودا لەبیر نەکەین).

# لیسا و خەونەکانی

سڵاو من لیسام، بۆ ئەوەی من بناسن: کچێکی ئەسمەر و خاوەن چاو و برۆیەکی قاوەیی و قژێکی درێژی قاوەییم، باڵایەکی مامناوەندم هەیە و کەمێک لاوازم لەڕووی کێشەوە.

لەو کاتەوەی کە فامم کردووە، کەسێکی هارو هاجی قسەخۆش نەبووم، منداڵێکی کپ و بێدەنگ، منداڵێکی شەرمنی خەواڵوو بووم، لە پۆلەکانی سەرەتاییم دا گەورەترین خەونم بوونم بە مامۆستا بوو، بەڵام ڕۆژگار وای کرد خەونەکانم و ڕەفتارەکانم، تەواوی هەڵسوکەوتەکانم بگۆڕم.

گەیشتمە تەمەنی شازدە ساڵی، لەو تەمەنەی هەموو مرۆڤێک جۆرە کەسایەتیەک لە خۆیدا دروست ئەکات، تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵی ئەبێت، ئەو تەمەنەی هەموو مرۆڤێک دەست بە هەوڵەکانی ئەکات بۆ داهاتووی، مرۆڤ هەوڵئەدا بوونی خۆی بسەلمێنێ لەناو کۆمەڵدا. هەوڵئەدا سەرنجی هەموو لایەک بۆخۆی ڕاکێشێ، بە گفتولفتە خۆشەکانی. بەتایبەت هەموو کچێک بەهێزی و گەشانەوە لە ڕوخساریدا دەر ئەکەوێ. بەڵام من چی؟ من بەو هۆیەی بەردەوام لەگەڵ هەر کارێکمدا پێیان ئەوتم (نەکەی کارێکی وەها بکەی خەڵک قسەمان لەسەر ئەڵێ، ئەو خەونەت لەبیرکە، بروانامەی بەرز بەدەست بێنە با خەڵک خۆشیان بوێی ...کۆمەڵێک قسەی تر).

من مێشکم پڕ بووبوو لەقسەکانی ئەو خەڵکە، هەر لە دەسپێکی خەیاڵ کردنمدا، خەیاڵەکانیان پچڕانم و کردیان بە خۆڵەمێش و

بایەکی توند هات لەگەڵ خۆیدا بردی. هەر لەسەرەتای خەون بینینم ڕاچڵەکاندنێک ڕایان چڵەکانم ئارەزووی خەون بینین نەکەمەوە. من لەو تەمەنە گۆشەگیری و بێدەنگی و بەردەوام بێتاقەتی کەسایەتیم بوو، فێربوم چیتر بەس ڕۆژەکانم بەڕێ بکەم بێ هیچ ئامانجێک، من ئەمویست لە خەڵک دوورکەومەوە چ جای سەلماندنی بوونم! لەجێی خۆشەویستی، ناخم پڕ بوو لە ڕق، ڕوخسارم زەرد و مات هەمووان ئەیانزانی خەمێکم شاردووەتەوە بەڵام لەکوێ بزانن خۆیان هۆکاری ئەو ڕەنگ زەردییەی منن!

ڕۆژان هات و ڕۆیشت، بووم بە 17ساڵ، ئەو ڕقە گەورەتر ئەبوو لەدڵمدا، نەفرەتم لە هەموو کەس ئەکرد وام لێ هاتبوو نە دەنگی چۆلەکە، نە گەشانەوەی گوڵەکان، نە بینینی پەپولە و باڵندەکان دڵ خۆشیان نەئەکردم، وەک ئافرەتەکانی تر، حەزم بە ڕوناکی و بە دەنگی باران و بروسکەی هەورەکان نەئەکرد..

لەتەمەنێکی بچوک ڕقێکی گەورەم لە دڵ بوو کە خەریکبوو ئەیتوانمەوە، ماوەیەکی پێچوو ڕاهاتم بە خەیاڵ کردن، لە بەشێکی خەیاڵەکانمان پیکەنین ئەیگرتم وام ئەزانی پێی گەیشتووم، بەڵام هەرزوو خەیاڵەکانم ئەپچڕا دیسان ئەگەڕامەوە واقعی قێزەونی پڕ ئازار، بەتەواوی لاواز بووم بەرامبەر ژیان، حەوسەڵەی بەرگە گرتنم نەمابوو. نەمئەتوانی چیتر ڕۆڵی کچێکی بەهێز بگێڕم، پێویستم بەوەبوو خۆم دروست بکەمەوە بەڵام چۆن؟ خۆمن هەموو ڕێگاکانم لێ گیراوە، خۆ ئەو خراپەکارانە هەر لەسەر ڕێمن، خۆ ئەوان بەردەوام کەلەپچەیان

کردووم و زمانیان بەستووم، ناهێڵن بجوڵێم و قسە بکەم! ئەوان تەنیا بەقسە ئەو هەموو شتەیان لێ کردووم. اهـ ئەو پارچە گۆشتەی لەناو دەمایە، چۆن ئەتوانێ مرۆڤێک بروخێنێ و دروستیشی بکاتەوە!

من دیسان خەیاڵم کرد، بەڵام ئەمجارە نەمهێشت کەس لەو خەیاڵە دەرم بێنێ، ئارەزووم ئەکرد بڕۆمە بەشە ناوخۆیی کەمێک لەو کەش و هەوا خراپە دوور بکەومەوە، ئیدی هەناسەیەکی خاوێنی پڕ لە ئاسودەیی هەڵمژم! من ئەوم کرد، من لە پۆلی دوانزە نمرەیەکم هێنا وێنام نەئەکرد، لە شارێکی دیکە وەرگیرام و ناچاربووم کە بڕۆمە بەشەناوخۆیی ئەوێ، بێگوومان لە ڕواڵەت ناچار و لەڕوودا خۆشحاڵ. چوومە بەشە دڵخوازەکەم چوومە بەشی دەروونناسی، ئاواتە خوازبووم لەوێ وەربگیرێم و گرفتە دەروونیەکانی چەندین کچی وەکو خۆم چارەسەر بکەم. خێزانەکان تێبگەیەنم ناکرێ لەخاڵێک و هزرێک بوەستن، هیچ بەرەوپێش چونێک قبووڵ نەکەن! من خۆمم ون کردبوو نەم ئەتوانی خۆم بدۆزمەوە هەستم ئەکرد لەو زەمینە بەرینە جێگای من نابێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمویست هەوڵ بدەم.

کاتی زانکۆ هات، پاش هەفتەیەک، ئاهەنگی یەکترناسینمان هەبوو نۆرەی من هات و پرسیارەکانم ئاراستە کراو دانە دانە وڵامم ئەدانەوە

-ناوت ؟-لیسا عومەر

-ئامانجت؟

-لەو بابەتەی کە ئەخوێنم کەسێکی سەرکەوتوو و لێهاتووبم

-شوێنی نیشتەجێبون؟ -هەولێر

-کەوایە لە بەشە ناوخۆییت، ئەم چە نرۆژە چۆنبووی بێ ماڵەوە؟

-زۆر ئاسایی بووم

بۆساتێک بیدەنگ هەمووی حەپەسان، لەوانەیە وتبێتیان کچی بێ ئەمەکی بێوەفا! هەرزوو ماڵێی لەبیر کردووە و ئارەزووی جیابوونەوە و دووری ئەکات!

بێدەنگیەکەم شکاند:

-بێگومان هەموومان دووری دایک و باوکمان پێوە دیار ئەبێ، بیریان ئەکەین، بەڵام سەرقاڵی زۆر رێگەی هەست کردن بە غەریبی و بیرکردنی خێزانەکەمی کەمتر پێداوم، بۆیە ئاسایی بووم.

ڕۆژەکان تەواو ئەبوون و نەئەوەستان، ژیان بەردەوام بوو لە ئازاردانمان، ئێمەش بەردەوام لە تاقی کردنەوەیابووین.
ڕۆژانی زانکۆ رێک بەو شێوەیەبوو کە وێنام ئەکرد و خەیاڵم بۆ کردبوو، هەموو شتێک زۆر جوان ئەڕۆیشت. ڕەفاقەتی هیچ کەسم نە ئەکرد، تەنانەت ئەو کچانەی لە یەک ژورێک

بووین تەنها کارەکانمان دابەشکردبوو، هیچ شتێکم نە ئەوت لەگەڵیاندا.

ئێوارەیەکی زستان بوو، زۆر دڵم توندبوو، هیچ شتێکیشم بە هۆکار نە ئەزانی، خۆم گەیاندە باڵەکۆنەکە و گریانێک گریام هەموو دڵ و دەروونم ئارام بووەوە، هەستم ئەکرد ئەو گریانە بۆ دووریمە لەو باوکەی هێندەی گەردوون میهرەبانە. بۆ ئەو دایکەی لەروحم زیاترم خۆشئەوێ، بۆ خوشک و براکانم کە هیچ کات لێیان دوور نەبووم، دوای ئەو چەن رۆژە یەکەم جاربوو هێندە بەکوڵ گریابێتم بۆیان. لەپڕ زەنگی مۆبایلەکەم لێدا.

-ئەلوو بابە گیانم

-لیسای بابە چۆنی؟

(گریان قوڕگی گرتبووم بەزۆر قسەم بۆ ئەکرا و خۆم گرتبوو)

-باشم بابە گیان

-نا من ئەزانم باش نیت. ئەها گوڵەکان ئەمڕۆ لاوازن، چۆلەکەکان دەنگیان خەمگین دێ بەگوێما، ئەمڕۆ هەموو ماڵەکە خەم داپیۆشیووە، هەمووی بەڵگەیە بۆ خراپ بونی تۆ.

دەستم کرد بە گریان -باوکە، ئەزانی سبەی ڕۆژی لەدایکبوونمە؟ یەکەم جارە بێ ئێوە ڕۆژی لەدایکبوون بکەم.

-کەسی بابەی، کێ وتی بەبێ ئێمە ئەیکەی؟ دەی با گوێم لە پێکەنینەکانت بێ، سبەی هەمووومان دێینە ئەوێ، ئیدی بێتاقەت مەبە. ئەم باوکە پیرەت بەرگەی فرمێسکی تۆ ناگرێ.

-بە دڵێکی ئاسوودەوە پێکەنیم و پڕ بەدڵم بەباوکم وت خۆشمئەوێی جوانترین، میهرەبانترین و گەورەترین دیاری خودا.

تەلەفۆنەکەم داخست و خەوتم. سبەی ڕۆژی لەدایکبونم بوو، ئاهــ خۆزگە هیچ کات ئەو ڕۆژە نەهاتبا، خۆزگە هیچ لەدایک نەبوومایە، خۆزگە بە باوکم نەوتایە بێتاقەتی ئێوەم، خۆزگە و دەیان خۆزگەی بەر نەگرتوو، ڕۆژبووەوە، ئەوڕۆژە شوومەی من بەم دونیا بێ بەزەییە ئاشنا بوم، چاوەڕێبووم ئەو ڕۆژە بەختەوەرترینی جیهانبم. بەڵام نا بەدبەخترین بووم لەگەڵ لەدایکبونم بەدبەختیم هێنا، بووبووە سەعات 10ی بەیانی چاوەڕێبووم باوکم پەیوەندیم پێوە بکات، بەدیداری شادبمەوە، بە بینینی چاوەکانی خەندەم بۆ بێنێ، چاوە لەڕێ بووم بە باوەشێکی گەرمی ئاسودەییم بۆ بێنێ.

پەیوەندیەکم بۆ هات بەڵێهــ باوکم بوو..

-سڵاو خانم کەسو کاری خاوەنی ئەم مۆبایلەی؟

-بەڵێ شتێک بووە؟

-ڕووداوی هاتووچۆ بووە، خاوەنی ئەم مۆبایلە لە نەخۆشخانەیە ، گەرخۆتان بگەیەننە ئێرە سوپاستان ئەکەین.

بەهەموو دەنگی خۆم هاوارم کرد.

-نا، ئەمجارە ئەوەم لەگەڵ مەکە، هەموو شتێکم لێبەرە، بەڵام باوکم نا، با باوکم نەبێ.

بەجۆرێک ئەپاڕامەوە هەمووان بەچاوی بەزەییەوە سەیریان ئەکردم، ئاخر ئەوە من نەبووم ئاوا لاواز بم، ئەوە من نەبووم ئاوا دەنگم هەڵبڕم، نا من هیچ کات نەم هێشتوە هەستم پێ بکەن.

گەڕاینەوە و ژیان بەردەوام بوو، من چیتر بەرگەم نەئەگرت لەو ماڵە، هیچ هەستم بە خەمباری خێزانەکەم نەئەکرد. دایکم ڕوخساری ئەدرەوشایەوە، بەوە نەئەچوو کە کۆڵەکەی ماڵەکەی هاوسەر و هاوڕێکەی لەدەست دابێ، براکەم خەریکی کەیف و سەفای خۆی بوو، تەواو تاقەتم چووبوو لەو ماڵە تامەزرۆی بۆنی باوکم بووم، چاوەکانی سەرنجەکانی ئاهـ خوایە بوو بە حەسرەت لەگەڵ خۆما ئەیبەمە ژێر گڵ. هەموو جارێک بەخۆمم ئەوت، تۆبڵێی خودا لەو دونیا من بەو شاد بکاتەوە؟ گەر بیبینم باوەشێکی توون توونی لێ ئەدەم، تۆڵەی ئەو ڕۆژانە ئەکەمەوە کە باوەشم لێی نەداوە، دوایی دونیایەک گلەیی لێ ئەکەم بۆ جێت هێشتم؟ ئاخر نازانی بێ تۆ چەن ئەترسم، لەم ژیانە لەناو ئەم خەڵکە خراپەکارە و لەکۆتاییدا پڕ بەدڵم ئەگریم بۆئەوەی بەدەستە جوانەکانی فرمێسکەکانم بسڕێ. ئەڵێن ئەودونیا شارێکی جوانە من و باوکم هەموو ئەو شارە ئەگەڕێین باسی هەموو بێحورمەتیەکانی ئەم دونیایەی بۆ ئەکەم و باوکی میهرەبانم وەک هەموو جارێک گوێم بۆ ئەگرێ، ماچێکی ڕومەتم ئەکا و پێم ئەڵێ کچی جوانم ئێستا پێکەوەین ئیدی ئازار

ناکێشی، لەمڕۆ بەدوا جێت ناهێڵم، چیتر ئەو دەستانەت سەرمای نابێ.

لەو بیرکردنەوانە بووم خوشکەکەم دەرگاکەی کردەوە.

-دادە؟ دادە؟

-گیانی دادە بڵێ؟

-سبەی ئەگەڕێیتەوە زانکۆ؟ دەبڵێ ناگەڕێمەوە، سەیرکە ماڵەوە زۆر ناخۆشە بابەش نایەتەوە، کە لە دایکم ئەپرسم ئەڵێ هەر رۆژێ ئەیبینی، بابە لەکوێیە دادە؟

-بچکۆلەکەم، بابە سەفەرێکی دوور و درێژیکرد بەڵێن بێ هەموو ڕۆژێ پەیوەندیت پێوە ئەکەم، ئاگاداری خۆت بە تۆ، باشە؟ دڵی دایە نەشکێنی، ئیتر تۆ بووی بە کچێکی گەورە. تاوەکو پشووی من دەست پێ ئەکا تۆ یارمەتی دایە بدە، باشە؟

-یانی هەر ئەڕۆی! دەی باشە بەس بەڵێنەکەت لەبیر نەکەی.

-بەسەرچاو، بابخەوین و سبەی ڕۆژێکی نوێ دەست پێ ئەکات.

لەراستیدا من نەخەوتم، تەواوی ئەو شەوە گریام، چ کارەساتێکە خودایە من بێ باوکم، پاڵەوانی ژیانی من بە ڕۆشتنی تەنیا بێ باوکی نەکردم بێ دایک و برا و بێکەسی کردم.

رۆژ بووەوە، گەڕامەوە بەشەکەم. ئەمجارە جیاواز لە پێشوو، بێ پێکەنین وەک کچێکی ڕوخاو و لاواز رۆشتم چیتر

دڵخۆشیم لە ژیانمدا سڕیەوە، من نەفرەتم لەهەموو ئەو هۆکارانە ئەکرد کە ڕێگەیەک بوون بۆ بەختەوەریم. من بەڵێنم دا دوای باوکم چیدی پێنەکەنم، چیتر خۆشەویستی بەکەس نەدەم، دوای باوکم من دڵێکی مردوو و جەستەیەکی زیندووم هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بووم لەژیان بەڵام چۆن ژیانێک!

چوار مانگ تێپەڕی، لە شەوێکی ناخۆشدا کە بەهیچ لەبیرم ناچێتەوە، ئەو شەوەی نەفرەتم لەو ئافرەتەکرد کە بەهەشتیان خستە ژێر پێی، ئەوشەوەی نەفرەتم لەو برایە کرد کە ناویان ناوە پشت و پەنا ئەو شەوە تەلەفۆنێکم بۆکرا دایکم بوو.

-سڵاو

-سڵاو دایکە گیان باشیت؟

-باشم ڕۆڵەکەم لەخودا بەزیابێ، کچم سبەی ئەبێ بێیتەوە.

-بۆچی چیبوە دیسان؟، هەواڵی ناخۆش نا ئیتر بەرگە ناگرم، هێندە تۆقیبووم لە ڕووداوە بێ بەرنامەکان!

-نا ڕۆڵەگیان مەترسە، بۆ براکەت داوای ژنمان کردووەو سبەی ئەڕۆین مارەی ئەبڕین.

-مارە بڕین! تۆ تێمگەیەنە هێشتا کفنی باوکم زەرد نەبووە، چۆن لە ڕووت دێ داوای کچی خەڵک بکەی و هەل هەلەی بۆ لێبدەیت و بەکەیف بیت، ئەی ئێوە نەبوون باسی عەیب و عار

و قسەی خەلکتان ئەکرد! ئێستا چی ئەگوزەرێ، خەڵک لەئاستی ئێوە کوێر و نابیستە؟ تۆ ماڵت شێواوە تۆ منالەکانت هەتیو بوون ئاهەنگ ئەگێڕی! من کچی تۆ نیم، شەرمەکەم کە پێم وتووی دایکە، زۆر بەداخم شایەنی باوکم نەبووی. مۆبایلەکەم داخست هیچی تر قسەم لەگەڵ نەکردن، کۆتاجار لەگەڵ دایکما قسەم کرد وتم ئێمە هەتیوین بێ دایک و بێ باوک، تەواو ئیدی ئەوە کۆتا شت بوو وتبێتم بەرامبەر دایکم.

ساڵ تێپەڕی، هیچ خۆشییەکم قبوڵ نەکرد. نەفرەتم لەهەموو دایکێک و لەهەموو برایەک ئەکرد، تاکە شت ئازاری ئەدام بەڵێنەکەم جێبەجێ نەکرد کە بە خوشکەکەمم دابوو، زانکۆم تەواو کرد و خانوویەکم بەکرێ گرت و ئیشێکم دۆزیەوە چیتر نەگەڕامەوە، من ماڵێکم نەبوو دوای باوکم بێکەس بووم، دوای باوکم خیزانەکەمم بۆ دەرکەوت، ئەوان تەنیا یەکجار نەیان وت لەبەر خۆمان وەرەوە ماڵەوە! وەک هەموو جارێک باسی خەڵک و قسە هیچەکانیان ئەکرد و لەوان ئەترسان.

ئیتر بریارم دابوو دڵی خۆم لە ئاستی هەموو شت بمرێنم، بە تەمەنێکی بچوک هەڵگری خەمێکی گەورەبووم، بەدرێژایی ژیانم شتێک هەبووە مێشکم ماندوو و بێزارم بکات!

ئێوارەیەکی پایزبوو، لەسەر پیشەکەم ئەگەرامەوە بەرەو ماڵە بچوکە بێدەنگەکەم، منداڵێکی ساوام بینی وەک دڵۆپی باران فرمێسکی ئەڕشت لێی نزیکبومەوە.

-کچۆڵەی جوان بۆ ئەگریت؟

-کچۆڵەی جوان ناوت چیە ؟

بێدەنگ، بەو چاوە ئاسمانییە ئارام بەخشەی، لێی ئەڕوانیم. ڕەنگی چاوەکانی، بە ڕەنگی چاوی باوکم ئەچوو، هێندە زوو خۆشم ویست، باوەڕم نە ئەکرد ڕۆژێک کەسێکم خۆشبوێ لەدوای باوکم. ڕێگاکەم گۆڕی و بردمە لای پزیشک.

-خانم ئەم کچە ناتوانێت هیچ بڵێت ڕەنگە لە ڕووداوێکدا توانای قسەکردنی لەدەستدابێت، بەڵام خەمتان نەبێت پێموایە کاتێکی زۆری نەوێت، تاوەکو چاک ببێتەوە.

-چی؟ چۆن ئەبێ! من چی لەم منالە بچووکە بکەم، خۆ نازانم ماڵیان لەکوێیە ، کەس و کاری کێن!

بردمە بنکەی پۆلیس، لە هەموو کەناڵ و پەڕەکانی ڕۆژنامە ئاگاداریەکیان بڵاو کردەوە سەبارەت بەو مندالە بێ گوناهە، منیش هێنامە ماڵەوەو ماوەیەکی زۆر پێکەوە ژیاین، ناویم نە ئەزانی بۆیە ناوم لێ نا باران (لەبەر ئەو ڕۆژەی کە فرمێسکانیم بینی، لەبەر ئەوەی هاوشێوەی باران ئارام بەخش بوو بۆمن). ئەو کیژۆڵەیە گەورەبوو، چووە ئامادەیی و منیش پیربووم، ئەو ئیدی ئەیتوانی قسە بکات، چیتر کەسم پێویست نەبوو، ئەو خەمڕەوێنێکی تربوو لەگەڵ پێکەنینەکانم پێ ئەکەنی و بۆ بێتاقەتیم ئەگریا، ئاگاداربووم کە دایکم کۆچی دوایی کردبوو، هیچ نەتاسام! ئەو مرۆڤ نەبوو ئەو، دایک نەبوو و ئەو ئافرەتیش نەبوو ئاخر ئافرەت میهرەبانە، هیچ میهرەبانیەکم لێ بەدی نەکرد!

کاتەکان زۆر بەهێواشی تێئەپەڕین، نازانم بۆهەمووان هەر وابوو، یان تەنیا بۆ من. پاش چەن ساڵێک دایک و باوکی باران دەرکەوتن، ئاهـ خوایە دڵی من چۆن بێ ئەو قەرار ئەگرێ! ئەو منداڵی من بوو، من ئەوم گەورە کرد خودایە ئەو هەموو تاقیکردنەوەیە لە توانای من بەدەر بوو. ناچاربووم دەستبەرداری بم ئەوان دایک و باوکی ڕاستی ئەون هیچ شتێک لەتوانامدا نەبوو بیکەم، من چیتر هێزم لێ بڕا، دوای باران کەوتمە نەخۆشخانە، ئەوکات زانیم من نەخۆشی شێرپەنجەم هەیە.

(سڵاو، من ئەو پەرستارەم کە چاودێری ئەو ئافرەتە بە تەمەن گەنج و بە ڕوخسار پیرەم ئەکرد، ئەو ئاگاداری کردم کە چیرۆکەکەی تەواو بکەم چوون چیتر توانای گرتنی پێنووسەکەی نیە، چیتر ئەو هێزەی نیە بیر بکاتەوەو هەرچی لەفکریدا هەیە بیڕژێتە سەر کاغەز

لیسا خانم، تەنیا گەیشت بە یەک خەونی، ئەویش گەشتنەوە بەو باوکەی کە هەمیشە بە میهرەبانەکەم و پاڵەوانی ژیانی ناوی ئەبرد، هەموو ئاواتەکانی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر خاک. لەدوا هەناسەکانی دا باران لەگەڵیدا بوو، لەگەڵ گریانەکانی باران ئاسمان ئەگریا، ئەبێ لیسا خانم چەندە بێکەس بێت، وا تەنها کچێکی ناسک لەلای سەریەوەیەتی و لێی ئەپاڕێتەوە جێی

نەهێڵێت! بەڵام ئاهـ بارانی جوان، ئەو شەمەندەفەری مردن لەگەڵ خۆیا هەڵیگرت و ناتوانێت دابەزێت. تاوەکو وێستگەی مردن ئەو شەمەندەفەرە ناوەستێت، زۆر بێڕەحمترە لەوەی وێنەی بکەیت ئازیزەکەت نەبات. ئەم ژیانە هیچ کات بەویستی ئێمە ناڕوات، خۆشیەکان تەمەنیان کورتە و ناخۆشیەکان بێکۆتان!

چ تراژیدیایەکە، چ نا عەدالەتیەکە پەروەردگارم، لیسا سەرەتای ژیانی و کۆتایی ژیانی خۆشی نەبینی، لەکوێ ڕەوایە کچێکی جوان ئاوا ژیان بەڕێ بکات، ئەبێ هەمان ئەوژیانەی لیسا خانم چەن کەس بینیبێتی و ببینێ ؟

وا دوو ساڵ تێپەڕی و باران ئێستا لە نێو ماڵ و خێزانی خۆیەتی. هەموو شتێک باش بووەتەوە و یەکێک لە کچە نازدارەکانی ناو لێناوە لیسا، ئیستاا ڕوحی لیسا خانمیش ئاسودەیە.

نە نە، تاکە شت بە ناتەواوی مایەوە خەونەکانی لیسابوو هەرگیز نەهاتە دی!

# باوکی لەنیای جوانەمەرگ

هەموو بەیانیەکی زوو، لەگەڵ گزنگی بەیانی، کاتێک بە مینی پاسەکەمان قوتابیانمان کۆدەکردەوە و بەرەو زانکۆ بەڕێ دەکەوتین. هەمیشە لەکاتی خۆیدا پیرە پیاوێکم دەبینی زیاتر شێوەی کەسێکی نەخۆشی دەدا، لێ پیاوێکی کەڵەگەت و قەد و قیافە ڕێک بوو، ڕووخسارێکی ماندووی هەبوو، کە ئاشکرا بوو بە چ بارودۆخێکدا تێدەپەڕێ، لەهەر بینینێکی ئەموت: دەکرێ کەس نەبێت بیگرێتە خۆی؟ هیچ یەکێک لە خێزانەکەی نەبن ئاگاداری بن؟ ئەوەی جێی سەرنج بوو لەسەر پلیکانە سێ پێیەکەی پێش دوکانێکی بەرگ فرۆشی ئافرەتان دادەنیشت. پیاوێکی سەر و ڕیش ماش و برنجی، بە جل و بەرگێکی دادڕاو بۆچی هەمیشە لەهەمان شوێن! هەندێک جار هەستی فزوولی بۆ مرۆڤ باش نیە، ئارامی لێ دەشێوێنێ، هەمیشە لە بیرکردنەوە و چاوەڕوانی دەیهێڵێتەوە، بەداخەوە کە دەکرێ بڵێم منیش کەسێک بووم لەو کەسانەی هەمیشە بەپەرۆشبووم تاوەکو ژیانی تایبەتی هەمووان بزانم. دەکرێ لەبەر ژینگەکەم بێت یان لە گەورەبوونمدا خووم پێوە گرتبوو لەیادم نیە! بەڵام ئیدی ئەو پیرەمێردە چووبووە مێشکم، بۆکچێک ئاسان نەبوو بڕواتە پێش پیرە پیاوێک بڵێت: ئایا تۆش وەک زۆرینە چیرۆکێکی خەمناکت هەیە؟

نەدەکرا بابەتێکی ئاوا بۆ کەس باس بکەم، ئەی گاڵتە جاڕانە نیە بەدوای کەسێکەوە بیت کە خۆشت نەزانی کێیە! بەهەرحاڵ ڕۆژ تێپەڕی و بڕیارم دا لەگەڵ خێزانەکەم بچینە بازاڕ و داوای هەمان بازاڕم کرد و لە کەمی بەختی من، فرۆشگاکە داخرابوو. بۆیە خۆم کرد بە یەکێک لە فرۆشگاکانی دراوسێیان، پرسیاری چەند پارچە قوماشێکم کرد و دواتر پرسیم:

-ببورن بەڕێز بەڵام ئەو پیرەمێردەی بەیانی لێرەبوو، ئاگادارن لەکوێیە؟

-کام پیرەمێرد خانم؟

-هەرئەوەی هەموو بەیانیانێک لەسەر پلیکانەکان دائەنیشێ لە فرۆشگاکەی تەنیشتتان؟

-ئەها ببورە، زانیاریم لەسەر نیە کە بۆکوێ دەڕوات!

بێهیوا بووم لە زانینی ئەو بابەتە و لەوەی کە دەرفەتێک هەبێ دووبارە بگەرێمەوە هەمان شوێن، کە چومە دەرەوە بینیم خاوەن فرۆشگای مەبەست گەیشت! وای چ خۆشحاڵیەک، پێم وابێ هەر لەو کاتەی فرۆشیارەکەم بینی ئیدی مێشکم لەو ژاوەژاویەی ئەو هەموو پرسیارە خاڵی بوو، چووم بەرەو ڕووی کە نازانم چۆن گەیشتم، لەدوای سڵاوکردن و خۆشهاتن..

-ئەو پیرە پیاوەی هەموو بەیانیەک هەر لەم شوێنەی لێی وەستاوم دادەنیشێ، دەیناسن؟

-مام ئازاد دەڵێی؟

ڕەنگی گۆڕا و خەمێکی زۆری لەسەر نیشت، یەکسەر و بێ ئارامانە پرسیم، دەکرێ منیش دەربارەی ئەو بزانم؟

دەربارەی هۆکارەکەی پرسی و منیش بۆم ڕوون کردەوە، لە کۆتایی قسەکانمدا وتم پێم خۆشە کە هاوکاری بکەم، بینینی ئەو هەموو ڕۆژ لێرە ئازارم دەدا.

کوڕەی لاو کە بۆ ئەو بە ئازاربوو و بۆمن تاڕادەیەک جێی خۆشحاڵی بوو، چوون مێشکم خاڵی بووبوو، هەموو شتێکی دەربارەی ئەو پێ گوتم.

مام ئازاد پیاوێکی چل ساڵەبوو، کە بێ ڕەحمی ژیان پیری کردبوو، ماندووی دەستی ڕۆژگار بوو، ڕۆژێک لەگەل خێزانەکەی دێنە بازاڕ تاوەکو بۆ جەژنی قوربان دەستە جلی جوان بکڕن و وەک هەمووان چێژ وەربگرن، ڕێک دەکەوێ کە سەردانی ئەو دوکانە بکەن. لەنیای جوان زۆر ئارەزووی لە دەستە جلێک دەبێ، بەڵام نرخەکەی بۆ باوکی گونجاو نابێت بۆیە بە هەناسە ساردیەوە دای دەنێتەوە، مام ئازادیش بەڵێنی پێدەدات لەگەل یەکەم موچەی شوێنی کارەکەی بۆی بکات بەدیاری، ڕۆژان دێت و دەچێت، لە هەموو ماڵێک سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ جەژن و ماڵی مام ئازادیش خەریکی پاک کردنەوەی ماڵەکەیانن. بەڵام ئەوان لەکوێ بزانن ئەو پاک

کردنەوەیە دەبێتە کارەساتی ژیانیان؟ لەکوێ بزانن ئەو جەژنە بۆ ئەوان شادی نیە، بەڵکوو شینە! بەهەرحاڵ، ئیدی خانمی ماڵ لەکاتی پاک کردنەوەی تەباخی ماڵەکە بەهەڵە غازەکە دەکاتەوە و لەبیر دەکات کە بیکوژێنێتەوە، تاوەکو چێشتخانە پڕ دەبێ لە غاز و ئەوان لەبەر ماندوو بونی ڕۆژەکە هیچ ئاگادار نابن، مام ئازادیش لەدوای شەکەتی لە کارەکەی دەگەڕێتەوە بەڵکوو ڕووخسارە گوڵەکەی دایکی لەنیا ببینێ، خێزانەکەی هەوڵدەدات بە خێرایی بڕوات و خواردن دروست بکات تاوەکو هاوسەرەکەی بە برسیەتی نەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک کە ئاگرەکە پێ دەکات هەموو لایەک دەگرێتەوە و هەردوو پیرۆزترین ئافرەتەکانی ژیانی بەخودا دەستپێرێت، دەگاتە بەردەرگا جەستەی سوتاوی ئەوان دەبینێ و بەرگەی ئەو ئازارە ناگرێت، مام ئازاد دەستە جلی کە کچەکەی پەسەندی کردبوو دەکات بەدیاری گۆڕەکەی و هەرگیز ناگەڕێتەوە ئەو ماڵە، ئێستا دەڵێن لە ژورێکی بچوک دەژی کە من ئاگادار نیم چ ژورێکە بەڵام هەرگیز لەو ساتەوە ئێرەی بەجێ نەهێشتوە، هەمیشە لەو سوچەی دوکانەکەم دەڕوانێ کە جلکی دڵخوازی کچەکەی هەڵواسرابوو، ئەمە بۆمن هەمیشە ئازارێکی بەسوێیە بەڵام ناتوانم ڕێگری لێ بکەم و لە یادگاری کچەکەی دوری بخەمەوە، تۆ دەتوانی چی بکەیت؟

-من لەبەر گریان کە قسەیەکم بۆ نەدەکرا و ئازارەکەی لە ڕوحمدا بوو، وتم: من! من نازانم دەبێ بیر بکەمەوە دەبێ چارەیەک بدۆزمەوە!

گەرامە ماڵەوە بەڵام هەرگیز ئەو کچە ڕوخۆشە نەبووم کە دایکم دەیبینیم و هەموو گەڕانەوەیەک ماچی ڕومەتەکانی دەکردم و دەیوت خودا ئەو ڕووە گەشەت بهێڵێت..

پێم وابێ نەمانی خێزان گەورەترین کۆسپە کە ناتوانیت لەبیری بکەیت و ئازارەکەی بەکەس سارێژ ناکرێت، ئەی من چی بکەم؟ ئێستا چ کارێک بەمن دەکرێ؟ بڕیارم دا بڕۆمە خانەی بەساڵداچووان، لەوێ قسەم لەگەڵ بەڕێوبەر کرد و کارەکانم رێک خستن، دواتر لە گژنگی بەیانیدا لە هەمان شوێن چاوەڕێی پیاوی ئازارەکانم کرد، بەدەر کەوت بەڵام ئەمرۆ شیک پۆشتر بوو، ڕووم گەشایەوە و بەرەو ڕوی چوم بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم وتی: دەمزانی ئەمرۆ دێیت و لەتەمەنی کچەکەمدای، بۆیە ویستم وەک ئەو رۆژانەی کچەکەم دەیبینیم تۆش بمبینی!

-بە ئازارێکەوە وتم: زۆر لێت هاتووە مامە، خۆشحاڵم.

چوینە باخچەیەک و هەموو بەسەرهاتەکانی بۆ گێرامەوە و باسی لە ئازارەکانی کرد و ئەو دەگریا و منیش دەگریام، شاعیر دەڵێ ( تۆ نازانی ئەو دەمەی پیاو دەگری کەون چ خەلەلێکی تێدایە)، هەرگیز نەم دەزانی کاتێک پیاوێکی بگری چ هەستێکم دەبێ، بەڵام هەرگیز ئەو وەفاداریەی لەبیر ناکەم، هەموو هەوڵ و مەبەستی خۆمم بۆ ڕون کردەوە کە ئەمانجم ئەوەیە زەڕەیەک ئەو لەو ئازارانەی دوور بخەمەوە، پێشنیاری خانەی بەساڵداچوانم بۆکرد هیچ نەبێت لەوێ لەگەڵ کەسانێک

سەرقاڵ دەبێت، ڕازی کردنی ئاسان بوو، بەو مەرجەی کە حەفتانە سەردانی بەکەم.

چەن ساڵێک تێپەڕی و تەنها هەفتەیەک فەراموشم نەکرد، هەینییەک پەیوەندیم پێوە کرا و دڵە خورپەم بوو، هەستم بەوە کرد کە هەواڵێکی خراپ دێت، بەداخم کە ڕوحی پاکی مام ئازاد بەرەو ئاسمانەکان چووبوو، درەنگ بوو و نەیان توانی ڕزگاری بکەن، ئەوکاتە ئیدی من هەستم بەم جیهانە نەکرد، هاوڕێیەکی پڕ لە وانەی وەفا و جوانیم لەدەست چوو، ڕوحێکی پاک و بێگەرد ئەم ژیانەی بەجێ هێشت، بانگ کرام

کە نامەیەکم بۆ جێ هێڵدراوە، وەرم گرت.

سڵاو ژیلیا گیان، هەمیشە سوپاس گوزاری تۆم کە بەو شێوازە میهرەبان بووی لەگەڵم و ئاگادارم بووی، ئارەزووم بوو ڕۆژانە بتبینم هەمیشە ڕوخساری کچەکەی خۆمم لە تۆدا دەبینی ئەو کاتەی بەرەوڕووم هاتیت هەر ئەوکاتە بڕیارم دا هەرچیەک بڵێیت بەسەرچاوت بۆ بکەم، من هیچم پێ ناکرێت لە بەرامبەر ئەو ڕوخسارە پڕ خۆشەویستیەت جگە لەوەی لەودونیاش نزات بۆ بکەم، ئەگەر لەم ژیانەدا کەسانێکی وەک تۆ هەبن لەخەمی هەمووان‌دا بن و بەو شێوازە هاوکاریان بن بۆ ئاسودەییان، هەرگیز مرۆڤایەتی نامرێت. من لە مرۆڤایەتی تۆوە هەستم بەجوانی ژیان کردەوە و تۆ جوانترین پەیامی

ژیانم بووی کە ناکرێ لەدوای ئەو کەسانەی لەدەستمان دان ئێمەش بمرین، تاوەکو هەناسەیەک هەبێت دەرفەتێکی تر دەبێت.

لەکۆتاییدا نوسرابوو کچی من هەمیشە خۆشمویستوی.

فرمێسکەکانم ڕژانە سەر پەڕی کاغەزەکە، هەموو ئەندامانی خانەکە لەدەورم بوون و دڵنەواییان کردم، لەڕاستیدا ئەوکاتەی نامەکەم هەڵگرت و خستمە گیرفانی پاڵتۆکەمەوە، ئەوکاتەی نیگام لە یەک بەیەکی نیگای ئەوان گیر بوو، ئەوکاتەی گەڕامەوە باوەشی میهرەبانی دایکم زۆر شانازیم بەخۆمەوە کرد چونکە لە ژیانمدا مایەی ئومێدی کەسێک بووم..

# کوشتنی بێ ئاگا

لە سەردەمێکداین، مرۆڤەکان هەموو خەمبارین. هەر یەکەو دەردێک، هەر یەکەو ئازارێک، ئازاری هیچ کەسێکمان لەوی تر ناچێت، بەلام لێرە تاکە شتێک جێی دڵخۆشی بێت هێشتا کەسانێک لەلامانن پێمان دەڵێن: هەستت پێدەکەم، لەگەڵتم، تێی ئەپەڕێنین.

ڕەنگە ئەمە جوانترین وشەکانبێ، کە هەمیشە گوێمان لێ ئەبێت و دەیڵێین. سانا کچێکی ماندوو و پڕ لە ئازاری هاوپۆلمان بوو، هەموو بەیانییەک کە دەهاتە خوێندنگە چاوەکانی شاهێدبوون شەوێکی پڕ لە گریانی بەسەر بردووە، هەنگاوەکانی هاواریان دەکرد کە ئیدی توانای ڕۆشتنیان نیە و ئەژنۆکانی زۆر لەخۆیان دەکەن. بەڵام هەرگیز وشەیەکی نە دەدرکاند، ماوەی سێ ساڵ بەیەکەوە بووین لەناو یەک پۆلدا، جارێک پێکەنینمان لەسەر لێوە تەنکەکانی نەبینی، دەنگیمان تەنها لەکاتی وڵامی پرسیاری مامۆستای وانەکاندا گوێ لێ دەبوو، گوێگرتن لەو دەنگە ناسکەی ئەو بووبوو بە خولیا بۆمان، بیستنی قاقای پێکەنینێک بووبوو بە خەونێک کە وامان دەزانی هەرگیز نایەتە دی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش کەس نەبوو بڵێت ئەم هەموو ساردی و سستیە بۆچی؟ هەندێک جار دەڵێم ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ منداڵ بووین و توانامان نەبوو لێی تێبگەین، یاخود ڕەنگە لە گەورەیی ئازارەکەی و ترسناکی بێدەنگیەکەی تێگەشتبین و بوێری بیستنیمان نەکردبێ..

ڕۆژەکان بۆ هەمووومان وەڕەسکەر بوون، ئەوەی گۆڕابوو تەنها ئەوەبوو کە توێژەرێک هاتبووە قوتابخانەکەمان و سانا زوو زوو بانگ دەکرا، هەموو فزولی گرتبووینی! ئایا بۆچی بانگی دەکەن؟ دەبێ هەڵەی کردبێ؟ یەکێ دەیوت رەنگە لە رێگەی ماڵەوە لەگەڵ کوڕان قسەی کردبێ! یەکێکیتر دەیوت رەنگە مۆبایلیان لێ گرتبێ! ئەویتر دەیوت بابە من دەمزانی ئەم کچە بێدەنگە کچێکی باش نیە، تەنها وا خۆی پیشان دەدا.

تێنەدەگەشتم، چۆن دەکرێ کەسانی خوێندەوار بۆ ئاستی ئەو بڕیاردان و قسانە نزم ببنەوە! پۆلی یازدەی ئامادەیی قۆناغێکی تەمەنی هێندە بچووک نیە، کە مرۆڤ نەتوانێت خۆی کۆنترۆل بکات و لەو بازنە دواکەوتوویەی هۆش بێتە دەرەوە، ئەوانەی بەو دواییە دەم بینی هەمووی جێی پرسیار بوون بۆم، بەڵام نەم دەزانی لەکوێ وەڵامێک بدۆزمەوە! گرنگترین پرسیارم سانا بوو، کە سانا چی تێ دەپەڕێنێت؟ بڕیارم دابوو وەڵامی پرسیارەکانم بەدەست بێنم. بۆ دەستکەوتنی وەڵامە سەرەتاییەکانم، بڕیارم دا بخوێنمەوە، هەمیشە لەپاڵ وانەکانمدا بەدوای دەستکەوتنی  باشترین کتێبەکانەوە بووم، دەمویست ئەو ڕەفتارانەی ڕۆژانە بێزارم دەکەن، بەهۆی خوێندنەوە و فراوان بوونی هۆشیاریمەوە لێیان تێبگەم و بەرگەیان بگرم، چونکە هەر ڕەفتارێک هەمیشە برینێکی لە دەروونم دروست دەکرد.

کۆتا وانەبوو هەموو  دانیشتبووین، هاوڕێکانم یەکێکیان قسەی دەکرد و ئەوانی دی دەوریان لێدابوو و قاقا پێدەکەنین، منیش

خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانێکی م.موئەدەب پور بووم، لە هەندێک دێڕ بزەی دەخستە سەر لێوم و لە هەندێک دێڕی دیکەدا گریان گەرووی گرتبووم. دەرگای پۆلەکەمان کرایەوە و سانا ڕوومەتەکانی لە فرمێسکدا تەڕ ببوون، ماندوو و شەکەت هات و چووە سەر کورسیەکەی و سەری خستە سەر مێزەکەی بەرامبەری، بێدەنگ بوو، چیتر نەدەگریا و هیچ دەنگێک لە پۆلەکەمان نەما، ئەو کچەی قسەی دەکرد زمانی بەسترا بەو بارودۆخە، ئەوانەی چاوەکانیان لە پێکەنین ودڵخۆشیدا دەبریسکایەوە، ئێستا خەم و پەژارەت لێ دەبینی، سەرنجێکی هەمووانم دا لە ناخەوە هەستم بە شانازی و ئاسودەیی دەکرد بەو میهرەبانیەی نێوانمان، ئەگەرچی سروە لە یەک کەسەوە نەدەهات و کەس نەچوو بەلای سانادا، بەڵام ئیدی کەسێکیش نەبوو دڵخۆشبێ، کورسیەکەم جێهێشت و چووم لە تەنیشت سانا دانیشتم و دەستم خستە سەر شانی، سەری هەڵبڕی، چاوەکانی هێندە بە ئازارەوە تەماشایان دەکردم وەک بڵێی من تاوانباری ئەو ژیانە پڕ لە ژانەی ئەو بووبم، وەک بڵێی ئازارەکەی ڕەوانەی ڕوحی من کرابێ بێهێزبووم، بەڵام دەمتوانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم.

-هیچ ناڵێم تەنها بگری و هەست بەمن بکە کە لەلاتم، لێرەم و ئازارەکەت هەڵدەگرم..

تەنها سەیری کردم و خۆی لە باوەشما جێ کردەوە، گریا زۆر گریا، ئەوکات تێگەیشتم هەندێک جار باوەشێکی پڕ میهرەبانی

کەم نیە، تێگەیشتم کە هەمیشە قسەکردن خەمڕەوێن نیە، بەڵکوو هەندێکجار تەنها پێویستە بێدەنگ بی، بێدەنگی کارێکی گەورەتر دەکات.

ئەو کچێکی زۆر نهێنی پارێز بوو، گەر بتویستایە قسەیەکی لێ وەربگری دەبوایە زۆر ماندوو ببی، کچێکی ترساوبوو، هەمیشە نیگاکانی لە گۆشەیەک گیر دەبوو و خەیاڵێکی دوور دەڕۆیشت کە بە ژاوەژاوی ناو پۆلەکەش خەیاڵەکانی نەدەپچرا.

ئێمە دەربارەی سانا تەنها دەمانزانی باوکێکی توندڕەوی هەبووە و چەند ساڵێک پێشتر مردووە، پێموابوو دەکرا ئەوە بۆ ئەو دڵخۆشکەر بێ کە لە مەینەتی و سوکایەتی ڕزگاری بووە، بەڵام هەمیشە نەمانی باوکێکی دڕندە مایەی خۆشحاڵی و بەختەوەری نیە، لە کۆتاییدا کەسێک سایە و سێبەرتە کە لە خوێنی خۆتە هیچ نەبێ کە دەستت بۆ ببا جەرگی ئازاری دەبێ! لە وانەی کۆتاییدا مامۆستاکەمان نەهاتبوو بۆیە منیش لەلای سانا دانیشتم و بێدەنگ بووم، سەیرێکی کردم وتی.

-نامەوێ جێی بەزەیی بم.

-هیچ کەس جێی بەزەیی نیە، بەڵام مرۆڤەکان بەتەنها ناتوانن هیچ ئازارێک تێپەڕێنن، گەر هاوڕازێکیان نەبێ.

-ئێمە نەمان بوو، هەمیشە ئازارەکانمان تەنها خۆمان چێشتمان و تاڵاوەکەمان خواردەوە، تا ئەوەی کە دایکم بەرگەی نەگرت، منیش کە نازانم ئەمە مردنە یان ژیان!

-سانا سەیری دەورووبەرت بکە، هەموومان هەڵگری ئازارێکین، بەڵام رەنگە هاوشێوەی یەک نەبین، هەرکەس بەجۆرێک بێبەزەیی ژیانی بینیووە، لێرە ئەگەر ژیان نەبەزێنی خراپ ئەشکێی! ئەگەر بەهێز نەبی خراپ وێرانت دەکات. من هەتاوەکوو ئێستا نازانم کە گرفتی تۆ چیە، بەڵام دەزانم گەر دەرد هەبێ دەرمانیش دەبێ، گەر کێشە هەبێ چارەسەریش دەبێ.

-جانان مرۆڤ کە لە ئارامیدا بێ جیاوازە لەوەی کە لە ئازاردایە، بیر بکەوە کچێک لە ١٣ ساڵی باوکی دەمرێ، لە ١٥ ساڵی بەشوودەدرێ، دوای تەنها حەفتەیەک بە بوختانێک بتگەڕێننەوە، ئاخر کچێک تەنها ١٥ ساڵبێ هێشتا چی لە ژیان گەیشتووە کە هەڵەبکات! من هێشتا چاوم نەکردبووەوە لەنێو شەڕی خێزان پەروەردە بووم، هەر ئەوەندەی گەورەبووم بەشوودرام و دواتر بووم بەباسی بنەماڵە! دوو ساڵ بەسەر ئەو دۆخە تێپەڕیووە ئێستاش بەنموونەی کچێکی لکەدار ئەهێنرێمەوە کە خۆم نازانم تاوانەکەم چیبوو! دەڵێن دایکم لە خەمی من نەخۆشکەوت و مرد. لە ماڵە خاڵێکم وەک خۆیان وتەنی بۆ خزمەتکاری بردراوم و لەخێری خۆیان بۆ خوێندنم ئەنێرن، ئێستا ئەکرێ پێم بڵێی کێ خەمێکی هێندە سەخت هەڵئەگرێ؟ بە چەند هاوڕاز ئەم ئازارە ئەبڕێتە و کامە دەرمان بۆ ئەم دەردە بەسوودە؟ ڕەنگە چارەسەرێک هەبێ بەڵام درەنگە، درەنگە بۆ ساڕێژبوونی ئەو هەموو برینە، من تەنها چاوەڕێی ڕووداوێکم کە دڵنیام ڕۆژێک ڕوودەدات، ئەوکات کۆتا هەناسەی ئاسودە ئەکێشم..

لەو ڕستەیەی کۆتایی تێنەگەشتم، بەڵام هەستم بە ترسێکی زۆر کرد. ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر هەمیشە چاوم لەسەری بوو و ڕێگەم دەدا تەنها خۆی قسە بکات، پرسیار بکات و وەڵامی خۆی بداتەوە، تەنها دەمویست ئەو ئاڵۆزیەی مێشکی بهێنێتە سەرزاری. ئەو باسی ئازاری دەکرد من باسی ئومێدم بۆدەکرد، ئەو مردنی لە مێشک بوو من دەمویست خۆشەویستی ژیانی لا دروست کەم، هەرچەن بۆ من کارێکی ئاسان نەبوو هێندە گەورە نەبووم لە هەموو شتێک تێبگەم، بەڵام هەتا ئەو شوێنەی پێم دەکرا ئەمویست لەلای بم، نازانم کە دەمویست بۆخۆمی بسەلمێنم مرۆڤایەتی ماوە، یان بۆ ئەوی بسەلمێنم دەکرێ ژیان مرۆڤی جوانیشی پیشان بدات.

ڕۆژێک هاتە ژوورەوە، یەکەم جار بوو ددانە وردە سپی و جوانەکانی ببینین، یەکەم جاربوو پێکەنینێکی هێندە جوان لەسەر لێوێکی تەنکی ئاڵ ببینم، هاتە لام زۆر بەسەر سوڕماوی تەماشام دەکرد!

-جانان پەتی درۆ کورتە، مرۆڤ بۆ هەرقسەیەک کە دەیکا زۆر بە خراپی باجەکەی وەردەگرێ!

جارێکی تر ڕستەیەکی وت کە من نهێنیەکانی پشتیم نەدەزانی، بەڵام دوبارە تەنها گوێم بۆگرت. ئەوڕۆژە زۆر بە خۆشحاڵی ڕێگەی ماڵەوەی گرتەبەر، لەدوای ڕۆژانێکی زۆر منیش بۆ جارێک لەئەو بێخەمبووم، تاوەکوو ئەوەی سبەی گەڕامەوە قوتابخانە لافیتەی مردنی قوتابییەکیان دانابوو، دڵم داخورپا کە نزیک بومەوە (سەنا، قوتابی قۆناغی پێنجەم، بەکارەساتێکی

دڵتەزێن ماڵئاوایی لێکردین). خراپترین و پڕ ئازارترین دێڕی ژیانم بوو کە خوێندبێتمەوە، چوومە بەر دەرگاکەیان دیاربوو کە خۆی کوشتبوو، ئەو ئەنجامی دا، کۆتا هەناسەی پڕئاسودەیی خۆی هەڵمژی، بۆ هەمووان دەرکەوت کە لە تەڵاقدانی خەتابار نیە و هەڵەیەکی نەکردووە! کۆمەڵگە بوون بە بکوژی دایک و کچێک، کچێک کە هەموو ڕۆژێک دەکوژرا، لەڕاستیدا کاتێک بتەوێت سزای کەسێک بدەی و ببی بە ئازار لەدڵیا بە خۆکوشتن نا، ئەوەنا کە گەنجی سەردەم بە ئاسانترین ڕێگای دەربازبوونی دەزانن، بەڵکو دەکرێ بە بەهێزبوون و سەرکەوتن ببیت نە ژانی دڵی کەسانێک، خۆسەلماندن و خۆ خۆشویستن باشترین تۆڵەکردنەوەیە، مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە، ئەگەرچی خاوەن هزر و هۆشە، بەڵام هەرگیز نازانێت ئەنجامی وشەکانی چی دەبێ، ڕەنگە هاندانی کوشتنی کەسێک بێت، رەنگە هۆکاری خۆکوشتنی کەسێکی دیکەبێت، ئێمە قسە دەکەین و کەسێکی دیکە دەکەین بەقوربانی.

# چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە

ڕۆژێکی زستان بوو. جادەکان بەستبوویان، بە ئەستەم چەند کەسێکت دەبینی لە دەرەوە پیادە بوایە، ئاژەڵەکان گرمۆڵەیان کردبوو لەپەنا دیوارەکان و بە مەبەستی ئەوەی بە توکی خۆیان گەرم ببنەوە، باڵندەکان بوێری ئەوەیان نەبوو بفڕن، گەڵاکان بەرگێکی تەنکی شەختەیان گرتبوو، هەموو شوێنێک شەختە و قوڕاو بوو، منیش بە پەلە دەمویست چەند پارچە نانێکی گەرم بۆ ژەمی بەیانی ببەمەوە و لەگەڵ خێزانەکەم قاوەڵتیەک بکەین، منداڵەکانیش چاوەڕێبوون خێرا بگەڕێمەوە و بەرەو قوتابخانە بەڕێیان بکەم. نزیکی نانەوا خانەکە بوومەوە پیاوێکم بینی خۆی بچوک کردبووەوە لە سەرماندا خەریکبوو دەیبەست. سڵاوم لێی کرد، خێرا خۆی قیت کردەوە و وڵامی دامەوە، بە مانای ئەوەی ڕێزی گرتووم و کە من تێپەڕیم و ئاوڕم دایەوە دەبینم دیسانەوە بە لاوازی خۆی بچوک کردەوە، زۆر دڵگران بووم بۆی، چووم نانەکەم کڕی و ئەم جارە دوو پارچەی زیاترم خستە سەر نانەکان.

کاکی نانەوا: بەرەکەتتان تێکەوێ، ئیشەڵا منداڵەکان گەورەبوون و پێویستیان بەوەیە خواردنی زیاتر بخۆن.

منیش بزەیەکم کرد، نا مامە گیان، منداڵی ئەم سەردەمە لە خواردنی بێسود و زیان بەخشە ئامادە کراوەکان زیاتر کوا دەزانن نانخواردن و چێژی پارچە نان چیە؟ خوا بیکاتە قسمەت میواندار ئەبین.

ئیدی ملی ڕێگەم گرتە بەر و دیسانەوە پیرە پیاوم بینی، چەمیمەوە :سڵاو بابە گیان.

بە نووزەیەکەوە-سڵاو ڕۆڵە؟

-دەڵێم ئەمڕۆ گەلێ ساردە، پێم خۆشە میوانی من ببی ناکرێ لێرە ناتوانم جێت بهێڵم، تکا ئەکەم لەگەلم وەرە تەنها ئەمڕۆ بۆ سبەینێ خودا دەرگایەکمان لێ ئەکاتەوە. ئیدی پیرە پیاو هیچ پێداگیریەکی نەکرد چونکە بەڕاستی سەرمایەکی تاقەت پڕوکێن بوو و نەی ئەتوانی بەرگە بگرێت، لە دەرگام دا و خێزانەکەم دەرگاکەی کردەوە و سەیری کردم و لێم تێگەیشت و بەخێر هاتنێکی گەرموو گوڕی میوانەکەی کرد، چەن هەستم بە شانازی ئەکرد ئەوکاتە، ئەگەرچی لە سەرماو سۆڵەیەکی وەهادا و میوانێک بە بێ ئاگادارکردنەوە، بەبێ ئەوەی خێزانەکەم ئاگاداربێ میوانێک لەگەڵ خۆم دەبەمەوە و بەبێ هیچ پرسیار کردنێک یارمەتیدا تاوەکوو بردیە ژووری میوانەکە و چایەکی گەرم و پەنیر و هەرچی خوا کردبێتیە قسمەت بۆ ئەو بەیانیە لەسەر سینیەک ڕازاندیەوە، هێنای و فەرمووی کرد؛ بابەگیان بفەرموو نان بخۆ و وادانێ ماڵی خۆتە.

لەسەر ئیزنت هاوسەرەکەم لێرەیە تا ماڵی خەسوم دەچم و دێمەوە، ماڵی دایکی من دوو ماڵ لەولا تری ئێمەوە بوون، چووبوو دەستێک جلی باوکمی هێنابوو تاوەکو ئەو پیاوە پۆشاکەکانی لاببا و ئاسودە بێ، دواتر چووە ئاشپەزخانە و هیچی نەوت، زۆر سەرسام و خۆشحاڵ بووم، هەمیشە دەمزانی هاوسەرەکەم خانمێکی خانەدانە بەڵام هەرگیز نەمدەزانی بەو

شیوەیە میهرەبانە، بەدوایدا چووم: خانم بۆ ناپرسی ئەم پیاوە کێیە هێناومە؟

-چونکە دەزانم کە کارێکی هەڵە ناکەی!

-بەڵام هەر دەبێ بپرسی ؟

بزەیەکی دڵڕفێنی کرد، ددانە وردەکانی وەدەرکەوت و وتی:ئێستا دەپرسم ئەم میوانە کێیە کە هەرگیز نەمبینیوە؟

منیش هەموو شتێکم بۆ گێرایەوە و دواتر وتم نازانم کە چی دەبێ، بەڵام ئەمرۆ زۆر ساردبوو نەمدەتوانی بەو شێوەیە جێی بێڵم، ئاخر چۆن ئەکرێ منداڵ بەخێو بکەیت و بەو شێوەیە لە کۆڵان بمێنیتەوە!

-رەنگە خاوەن خێزانیش نەبێ! با لەخۆمانەوە بڕیار نەدەین و با ئەمشەو تێپەڕێ، سبەی بیری لێ ئەکەینەوە. تۆ بەتەنها جێی مەهێڵە. برۆ بەلای میوانەکەمانەوە با هەست بە نارەحەتی نەکات.

چوومە نزیکی میوانەکە دانیشتم و بینیم پیرە پیاو فرمێسک ئەرێژێ، پرسیم چیبووە ؟

-ئەگەر قوربەسەر و دەر بە دەر نەکرامایە نەئەبووم بە ئەرک بەسەر کەسەوە، من شەرمەزارم، بریا ڕووداوەکان بەم شێوەیە نەبونایە، مرۆڤ لە پڕێکا هەچی لەدەست نامێنێ و لەناو ئەچێ.

منیش دەستم لەسەر ڕانە باریک و لاوازەکانی دانا و وتم من وەک باوکی خۆم تەماشام کردی و ئەرکی منداڵە لەم سەرما و

سۆڵەیە ئاگاداری باوکی بێ، تکا ئەکەم ڕێگە بدە چارەیەک بدۆزمەوە و تۆش ئاسودەبە.

-ئەگەر خاوەن موچەی خۆم بوومایە، بێ شک یەکێک لە کوڕەکانم دەیانگرتمە خۆ و ئاوام بەسەر نە ئەهات، بەڵام ئیدی هەر کەس کە بوون بە خاوەن ماڵ و منداڵی خۆیان بیر لە دایبابیان ناکەنەوە، هەتاوەکو خۆیان پیر ئەبن و گرفتاری دەستی منداڵ ئەبن و ئەوکاتە بارودۆخی منیان بیر وەبیر دێت، وەک چۆن من ئێستا باوکمم بیر دێتەوە، درۆ نەبوو چی بچێنی ئەوە ئەدوریتەوە!

منیش ئەمویست دڵی بدەمەوە، وتم هەموومان هەڵە ئەکەین و درەنگ بە هەڵەکەمان ئەزانین، لەم قسانە بووم لە دەرگا درا و دایک و باوکم هاتن و سەیرێکی هاوسەرەکەم کرد و سەری جوڵاند تێی گەیاندم کە ئەو پێی وتوون بێن و کەمێک لەگەڵ میوانەکەمان دانیشن. لە دڵەوە جارێکی تر هەستی شانازی کردم بۆ دروست بوو، باوکم چەندین بابەتی باس کرد و وەک هاوڕێیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرد تاوەکو خێزانەکەم نانی نیوەڕۆی ئامادە کرد و بەیەکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد، باوکم خولکی ماڵەکەی کرد و کە بچێتە ماڵەکەی و بەیەکەوە یاری تاوڵی و دۆمینە بکەن و کات بەسەر ببەن و مامە پیرەش لەبەر زۆری کردنەکەی باوکم قبوڵی کرد، بوو بە شەو و پەیوەندیم بە هاوڕێیەکمەوە کرد کە کەسێکی وام بینیوە و هیچ کەسی نیە و

بیرۆکەی خانەی بەساڵاچوانی پێدام و کە باشتر وایە بیبەنە ئەوێ و لەوێش خزمەت ئەکرێ. ئەگەر چی بۆ مرۆڤ کە خاوەنی ماڵ و منداڵ بێ و ڕەنجی کێشابێت بۆ گەورەکردنیان، هەرگیز خانەی بەساڵاچوان پەناگەیەکی ئارامبەخش نییە، وەلێ لەوە باشترە لە جادەکان بمێنیتەوە. بۆ بەیانیەکەی چوومە ماڵی باوکم و تەواوی بابەتەکەم باسکرد، وتم بیرۆکەیەکی وا هەیە، باشترە لەوەی لەو سەرمایەی زستان و لە گەرمای هاوین بێ ماڵ و جێبی. دووپاتم کردەوە کە کێشەمان نیە گەر بیکەین بە ئەندامێکی خێزانەکەمان و سەربەرزمان ئەکات کە لەلامان بمێنێتەوە، بەڵام ئەویش ئەوەی پێ باشتربوو کە خانەی بەساڵا چوان پەناگەی بێت. ئیدی کەوتینە ڕێ و گەیاندمە جێی مەبەست و زۆر سوپاس گوزارم بوو و لە کۆتاییشدا وتی ئەگەر ئەتەوێ منداڵەکانت نرخت بزانن سەرەتا نرخی باوکت بزانە، ئەوەی بۆ باوکتی ئەکەی ئەرکە بەڵام منداڵەکانیشت لەتۆوە فێر ئەبن، تۆ باوکت لەسەر دەستت دابنێی ئەوان تۆ ئەخەنە سەر چاوەکانیان، زۆر دڵم پڕ بوو بۆی، پەشیمانی لە چاوەکانیدا دیار بوو، خەمباری لە دەنگیدا دیاربوو، بەڵام هەوڵی دەدا سوپاسگوزاری و ئارامگری خۆی پیشان بدات، کە گەڕامەوە دەستەکانی دایک وباوکمم ماچ کرد و دووبارەم کردەوە کە هەمیشە من خزمەتکەری ئەوان ئەبم و نرخی هەبوونیان ئەزانم.

# بڕیار نیە هەمیشە ئاراستەی ژیانی تۆ ڕوو لە ئازاربێ

ئانیا کچی بچوکی ماڵەوە بوو، کچێکی بێدەنگ و خۆڕاگر بوو، هەوڵی دەدا ئەوەی کەسانی دیکە دڵخۆش دەکەن ئەو بیکات، هەمیشە ویستی کەسانی دەوروبەری لە پێش ویستەکانی خۆیەوە بوو. ڕۆژانی قوتابخانەی بە سەرکەوتوویی دەبڕی، هەرچەندە کە لە خەم و پەژارەیەکی زۆریشدا دەژیا، هەموو کاتەکانی تاقیکردنەوەی بە گریان و خەم بەڕێ دەکرد، بەڵام سەرکەوتوو دەبوو و خێزانەکەی شانازیان پێوە دەکرد، ئانیا هەرگیز بەختەوەر نەبوو، هەرگیز هەستی بە ئاسودەیی نەدەکرد، هەمیشە هەستی بە بۆشاییەک دەکرد لە ناخیا نەی ئەزانی ئەو بۆشاییە بەچی پڕ ئەبێتەوە، کاتەکانی زانکۆی هاتن و هیواداربوو لەگەڵ چوونە زانکۆ خەم و پەژارەی بڕەوێتەوە، بەڵام هێندەی نەبرد بێهیوا بوو، ئاخر ئەو پێیوابوو زانکۆ شوێنی کەسانی ژیر و ڕۆشنبیرە، زانکۆ کۆمەڵێک گەنجی تێگەیشتوو بەیەکەوە کۆدەکاتەوە کە لە کۆتاییدا بتوانن ببن بە ڕۆڵەیەکی بەسود بۆ نیشتیمان، بەڵام وانەبوو لەکاتی کۆبونەوەی قوتابیان هەر یەکەیان بە باسکردنی کەسێکەوە خەریک بوو، یەکێکیان لە کچێکی دەڕوانی و دەیوت: هێلین تەماشا ئەوە ڕەنگی جلکە، توخودا من لە بازاڕی کۆنەفرۆشەکە پێشکەشم کەن بە دیاری وەری ناگرم!

یەکێکی دیکەیان: سەیری ئەو کورە بیستومە نامەی بۆ چەند کچ ناردووە و قسەیان پێ وتووە.

لە دەرەوە قوتابییەک دەبینیت ئەو ساردیەی دەیخواتەوە قوتووەکەی لە جێی خۆی جێ دەهێڵێ، یان ئەو ژەمە نیوەڕۆیەی لەگەڵ هاوڕێیانی نۆشی دەکات و بە پێکەنین و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ هاوڕێیانی ژەمە خواردنەکەی پڕ چێژتر دەکات، پاشماوەکەی جێ دەهێڵێ بۆ کارمەندەکانی ئەوێ. ڕاستە کە ئەوە ئەرکی ئەوانە بەڵام ئێمە کە دەبوایە کۆمەڵێک گەنجی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بین و مرۆڤ دۆست بین، بۆچی پاشماوەکانی ئێمە کەسانێکی ماندوو کۆی بکەنەوە؟ لەکاتێکدا خۆمان پڕ وزە و لەشساغین! لەناو پۆلەکاندا، مامۆستایان ماندوو نەناسانە دێنە هۆڵەکانی خوێندن و وانەکان دەڵێنەوە، بەڵام چەن قوتابییەک بەبێ ڕێزیەوە دێنە ناو هۆڵەکانی خوێندن وەک ئەوەی کە گرنگ نەبێ بەلایان کێ لە ژورەوەیە. ئەمانەو هەزاران هۆکاری تر هەبوون کە ئانیایان وەڕەز ئەکرد لە خوێندنی زانکۆ. ئەو بیرۆکانەی دەربارەی زانکۆ هەیبوون تەنها فانتازیابوون و خەیاڵێکی خاو بوون، هەرگیز هیچ شتێک وا نەبوو کە وێنای بۆ کردبوو، چوار ساڵی زانکۆی بە بێهیواییەکەی دیکە بەڕێکرد و سەرەڕای ئەوەی کە دەوترا کوا دامەزراندن؟ لەکوێ کارێک هەیە بۆتۆ کە ئافرەتی؟ دەی بخوێنە و لە کۆتاییدا لەماڵی هاوسەرەکەت دامەزرێ، یاخود ببە بە قاپشۆر لە چێشتخانەکەی دایکت. هەموو شتێک بۆنی ڕەشبینی و بۆنی ئازاری لێ دەهات، بەڵام ئەو بەهێزو خۆراگر بوو، ڕۆژان هات و چوو ئانیاش نەوەستا هەوڵی دا فێری دوورومان ببێ لەماڵەوە و

دراوسێکانی خۆی ڕازی کردبوو لە کارەکانی، هەر ڕۆژەو کەسێکی دیکەی نوێ دەهات و پارچە قوماشێکی دەهێنا و کەسێکی تری دەناسی، بۆ ئەو پێی وابوو باشترە ڕەنگە رۆژێک لە ڕێگەیەکەوە دابمەزرێ، پێی وابوو ئەگەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی فراوانتربن ئەوا هەلی دامەزراندنی زیاتر دەبێت. ڕۆژێک خانمێک دێت و ئانیاش وەک هەمیشە جوانترین جۆری مەسکی بۆ دەدوورێ و ئیدی ئەو خانمە هەمیشە دەگەڕایەوە، تاوەکو ڕۆژێک ئانیا دەبینێ زۆر لاواز و رەنگ زەرد و خەمبارە، دەپرسێ:چیتە خاتون گیان؟ وەک جارەکانی پێشوو هەست بە خۆشحاڵیت ناکەم، خوا نەخواستە ناساغی؟ ئەگەرنا من پارچەکانم دەبەمەوە کەی چاک بویتەوە دەگەڕێمەوە.

-نا خاتوون پەیوەندی بەوە نییە، تەنها کەمێک خەمبارم.

-دەکرێ بپرسم بۆچی؟

-دیارە کە دایکم لاواز بووە و چەند ڕۆژی پێشوو بردومانە بۆ نەخۆشخانە و دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێ، داهاتی ئێمەش هەر هێندەیە بگەینە کۆتا ڕۆژەکانی مانگ، باوکم ٢٠٠ هەزاری خانەنشینی وەردەگرێ و منیش وا بەم دووروومانە هەوڵ دەدەم ژیانمان ئاسانتر بکەم، ئەمە مانای ئەوە نیە کە من سوپاس گوزار نەبم، نا، هەمیشە سوپاسگوزاری پەروەردگارم ئەوەتا لەشی من ساغە و خوێندنم تەواو کردووە و گەر خودا یارمەتی دەربێ و دەرگای خێر بەڕووماندا بکاتەوە ئەوا بێ خەم دەژین ئەگەرنا هەر چارەیەک دەبێ.

-وتت کە خوێندنت تەواو کردوە، چ بەشێک؟

-بەڵێ، بەشی ژمێریاریم تەواو کردووە، بەڵام کارێکی گونجاوم دەست ناکەوێ.

-زۆر خەمبارم بۆ حاڵی دایکت، بەڕاستی هیوادارم بەزووترین کات شتێکت دەست کەوێت.

ئانیاش سوپاسی دەکات و پێی دەڵێت دوای پێنج ڕۆژیتر بگەڕێتەوە بۆ ئەو پارچانەی کە لەلای داینابوو بۆی بدووریێ.

ڕۆژەکانی زۆر سەخت بوو، هەموو کاتێک لەخودا دەپاڕایەوە ڕێگایەکی پیشان بدات، بەڵام هیوایەکی زۆری بە پەروەردگار هەبوو، کارەکانی دەکرد و دایکی دەیناڵاند، باوەشی پێدا دەکرد و دەیوت: دایکە گیان بەرگە بگرە، ڕەنگە خودا یارمەتیمان بدات، تکایە بەرگە بگرە، لەبەر من کە هیچ ڕێگایەکم نیە. دایکە براکانم خودا لێیان خۆشبێ قسمەتیان نەبوو ببن بە گەورەی ماڵەکەمان، خوشکەکەشم وا خۆی لە بارودۆخێکە کەس ناتوانێ داوای یارمەتی لێبکات، وا بارودۆخی باوکی لاوازم دەبینی. تکا دەکەم هاوکاریم بکە بەرگە بگرە، هەنسکی دەدا و دایکیشی فرمێسکەکانی یەک بە دوای یەک دەهاتنە خوارەوە، شوکرانەی خودایان دەکرد و داوای یارمەتیان دەکرد.

ئیدی ئەو چەند ڕۆژە تێپەری و خاتوونەکە هاتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەوە فریشتەی ڕزگارکەر بووبێ بۆ ژیانی ئانیا و خێزانەکەی، جلوبەرگەکانی وەرگرت و لەگەڵ پێدانی دەست هەقی ئانیا پارچە وەرقەیەکی پێدا، ئانیا وتی ئەوە چیە؟

خاتونەکە وتی: خاوەنی کارخانەیەک داوای فەرمانبەری کردبوو بۆ بەشی ژمێریاری، منیش لەتۆ باشترم شک نەئەبرد کە کەسێکی لێهاتوو دەر بکەوێ لە کاردا، بۆیە باشتر وایە برۆیت بەڵکو گونجا و توانیت کار بکەیت.

ئانیا زۆر خۆشحاڵبوو و فرمێسکی سوپاسگوزاری و دڵخۆشی دەڕشت.

ڕۆژی دواتر چووە شوێنی مەبەست، رێگاکان و یاساکانی کارەکەیان پێی وت، سەرپشکیان کرد لەوەی کە دەمێنێتەوە یان دەڕوات. چەند ڕۆژێ مۆڵەتیان پێدا کە کاربکات و ئەزموونی بکات دواتر بڕیار بدات، ئیدی کاری کرد و ڕەنگە لەبەر ئەوەی زۆر چاوەڕێی کارێک بووبێ، یان لەبەر ئەوەی ئەو پیشەیە بوو کە چەند ساڵ بۆیی خوێندبوو، بەڵام خۆشەویستیەکی زۆری بۆ کارەکەی هەبوو، هەر زوو لەگەڵ هاوپیشەکانی ئاشنایەتی دروست کرد و بوون بە هاوڕێیەک بەیەکەوە، بەردەوام بوو لە کارەکەی، بەڵام دەستی هەڵنەگرت لە کاری دوورومانەکەی. ئەو کچێکی هێندە بە هێزبوو کە بەتەواوی کارەکانی ڕابگات و تەنانەت کاریماڵەوەشی دەکرد و خواردنیشی دروست دەکرد، تاوەکو موچەیەکی باشیان پێدا و توانی هاوکاری دایکی بکات. کە دایکی نەشتەرگەری کرد، بۆئەوەی لە کارەکەی دانەبڕێ داوای لە خوشکەکەی کرد ئاگاداری دایکیان بن، دایکی بارودۆخی باشتر بووبوو و وردە وردە لەسایەی کچە بەهێزەکەیان کەوتبوونە ژیانێکی تا رادەیەک بێ خەمەوە. هەمیشە دایکی ئەیوت من پێم وابوو کە کوڕەکانم نەمان ئیدی

ئێمە داهاتویەکی ڕەش چاوەڕێمانە، بەس سوپاس خودایە کە کچێکت پێ بەخشین لە چەندین کوڕ بەهێزتر بێت، ئانیاش دەیوت دایکە ئەگەر هەموو شتێک بۆخودا لێبگەڕێین ئەو بەندەکانی خۆش دەوێت، هیچکات لە تەنگانەدا جێیان ناهێڵێ.

کۆتایی



نه بووه ژیان هەمـیـشه یـەک ڕەنـگ بـێ

ئـەمـڕۆ بە خەمـێـک بـەڕێ دەکـــەیـت

# بەڵام

بەیانیەک لەگەڵ خەندەکان دەستپێدەکەیت